# تیۆری کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزم لەبەردەم ئاڵنگارییەکانی جیهانگیرییدا

## لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی - بەراوردکارییە

**دانەر رشید نجم الدین، انور محمد فرج**

کۆلێجی زانستە ڕامیاریەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە-** جیهانگیریی یەکێکە لەو دیاردانەی کە ئامراز  و ئامانج و لێکەوتەکانی کاریگەری بەرچاویان لەسەر  ئایدۆلۆژیا سیاسییەکان و تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەجێهێشتووە. ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر ئاڵنگارییەکانی جیهانگیریی لە ڕوانگەی هەردوو تیۆری کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزمەوە. ناوەڕۆکی توێژینەوەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە پرەنسیپەکانی جیهانگیریی بەشێوەیەکی گشتی ناتەبایە لەگەڵ بنەماکانی تیۆری کۆمەڵگەرایی، بەڵام تەبا و هاوتەریبە بە بنەماکانی کۆزمۆپۆلیتانیزم و بووەتە هۆی گەشەپێدانی زیاتری تیۆرەکە لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. دیارترین ئاڵنگارییەکانی جیهانگیریی لەبەردەم تیۆری کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزمدا بریتین لە سەروەریی دەوڵەت لەبەردەم مەترسیدا، واڵاکردن یاخود داخستنی سنوورەکان، پرسی بەها و کلتور و ناسنامە، دیاردەی کۆچی بەکۆمەڵ و مافی هاوڵاتیبوون. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی چوارچێوەیەکی تیۆرییە بۆ ئەو ئاڵنگاریانەی جیهانگیریی کە بوونەتە هۆی گەشەپێدانی دیدگای کۆزمۆپۆلیتانیزم و بەرپەرچدانەوەی تێزەکانی کۆمەڵگەرایی. میتۆدی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە شیکاریی- بەراوردکاریی کە تیشک دەخاتە سەر شیکارکردنی ئاڵنگارییەکانی بەردەم هەردوو تیۆر و بەراوردکردنی دیدگای هەردوو تیۆری کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزم بۆ ئاڵنگارییەکان.

**کلیلە ووشەکان-** جیهانگیریی، جیهانگەرایی، کۆمەڵگەرایی، کۆمەڵگە، کۆزمۆپۆلیتانیزم.

## پێشەکی:

جیهانگیریی وەک دیاردەیەکەی قۆناغی پۆست-مۆدێرنە چەندین ئاڵنگاری ڕووبەڕووی هەردوو تیۆری کۆمەڵگەرایی (Communitarianism) و کۆزمۆپۆلیتانیزم (Cosmopolitanism) کردووەتەوە کە دوو تیۆری هاوچەرخن لە بواری سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. هەردووکیان لەڕووی هزری و ئایدۆلۆژیەوە لەژێر کاریگەری جیهانگیریی (Globalization) دان و هەردووک باری سەرنجیان جیاوازە کاتێک باس لە کۆمەڵگاکان و مافەکانی تاک دەکەن.

لەم توێژینەوەیەدا تیشک ئەخەینە سەر ئەو ئاڵنگاریانەی کە جیهانگیریی ڕووبەڕووی تیۆری کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزمی کردووەتەوە و گریمانەی ئەوە دەخاتەڕوو کە جیهانگیریی بووەتە پەرەپێدەری زیاتری دیدگای کۆزمۆپۆلیتانیزم و پاشەکشەکردن بە تێزەکانی دیدگای کۆمەڵگەرایی لەڕێی چوار ئاڵنگاری سەرەکیەوە کە بریتین لە: پرسی سەروەری دەوڵەت، واڵاکردنی سنورەکان، پرسی لەناوچوونی ناسنامە و بەهاکان، زیادبوونی دیاردەی کۆچ و مافی هاوڵاتیبوون. **گریمانە و تێزی** سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی لەکاتێکدا دیاردەی جیهانگیریی بووەتە  پاڵپشت و پەرەپێدەری تیۆری کۆزمۆپۆلیتانیزم، هاوکات ئاڵنگاری بەرچاوی ڕووبەڕووی تیۆری کۆمەڵگەرایی کردوەتەوە. **ئامانجی** ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنەڕووی چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ ئەو ئاڵنگاریانەی جیهانگیریی کە بوونەتە هۆی گەشەپێدانی ڕوانگەی کۆزمۆپۆلیتانیزم و بەرپەرچدانەوەی ڕوانگەی کۆمەڵگەرایی و تێزەکانی لەبارەی سەروەری دەوڵەت، واڵاکردنی سنورەکان، کلتور و ناسنامە، و مافی هاوڵاتیبوون. **پرسیاری سەرەکی** ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی ئایا دیارترین ئەو ئاڵنگاریانە چین کە بەهۆی هەژموونی جیهانگیرییەوە ڕووبەڕووی تیۆری کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزم بوونەتەوە؟

**گرنگی** ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە باس لە ئاڵنگاری و کاریگەریەکانی جیهانگیریی دەکات لەسەر هەردوو تیۆری کۆمەڵگەرایی و جیهانگەرایی و خستنەڕووی لایەنی هزری و تیۆری هەندێک پرسی هەنوکەیی وەک سەروەری دەوڵەت، بەجیهانیبوون، کلتور و ناسنامە، دیاردەی کۆچ و مافی هاوڵاتیبوون.

**میتۆدی سەرەکی** ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە میتۆدی شیکاری (Analysis) بۆ ئەو تێز و توێژینەوانەی لەبارەی ئەم بابەتەوە نوسراون (Literature Review) و میتۆدی بەراوردکردن (Comparison) بۆ ڕوانگەی هەردوو تیۆرەکە  لەبارەی ئاڵنگارییەکانی جیهانگیریی. هەروەها شێوازی کۆکردنەوەی داتا و بەڵگەکان بۆ هەڵسەنگاندن و سەلماندنی گریمانە و تێزەکە بریتییە لە شێوازی میتۆدی جۆری (Qualitative Method) لەڕێی شیکارکردن و لێکدانەوەی ئەو فەرهەنگ و توێژینەوە زانستیانەی لەم بارەیەوە نوسراون.

**سنوری** توێژینەوەکە لە ڕووی بابەتیەوە لەچوارچێوەی تیۆری سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندایە و هەڵسەنگاندن بۆ تیۆری کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزم دەکات لەبەردەم ئاڵنگاریەکانی جیهانگیرییدا. سنوری کاتی توێژینەوەکە لە چوارچێوەی مێژووی ساڵانی ١٩٨٠ – ٢٠٢٤ دەکۆڵێتەوە، لەکاتێکدا سنوری شوێنی توێژینەوەکە ئاستی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتانی جیهان لەخۆدەگرێت بەتایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و وڵاتانی ئەوروپا.

**پەیکەری توێژینەوەکە** لە دوو باسی سەرەکی پێکهاتووە کە یەکەمیان چوارچێوەی چەمک و تیۆرەکان دەخاتەڕوو، و دووەمیشیان ڕوانگەی هەردوو تیۆرەکە بۆ ئاڵنگاریەکانی جیهانگیری

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 11، العدد 3(2025) ؛ عدد الصفحات (11)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v11n3y2025.pp27-37
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 2 شُباط 2025؛ قُبل في 17 آذار 2025؛ نُشرت في 7 تموز 2025؛
البريد الإلكتروني للمؤلف: danar466@gmail.com, anwar.faraj@uhd.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2025 دانەر رشيد نجم الدين، انور محمد فرج. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

باس دەکات. باسی یەکەم دابەش دەبێت بۆ سێ داخواز: چەمک و پێناسەی جیهانگیری، لەبارەی تیۆری کۆمەڵگەرایی، و لەبارەی تیۆری کۆزمۆپۆلیتانیزم. باسی دووەمیش دابەش دەبێت بۆ چوار داخواز کە بریتین لە: سەروەری دەوڵەت لەبەردەم مەترسیدا، واڵاکردن یان داخستنی سنورەکان، بەها و کلتور و ناسنامە، دیاردەی کۆچی بەکۆمەڵ و مافی هاولاتیبوون.

**توێژینەوەکانی پێشتر** لەم بوارەدا ڕوانگە و ئاراستەی جیاواز لەخۆ دەگرن و گەیشتونەتە دەرئەنجامی جیاواز. بروتۆ سیما و ئەندریاس پاولۆس توێژینەوەیەکیان لەژێر ناوی "کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی لەبەردەم ئاڵنگارییەکانی جیهانگیریدا" بڵاوکردوەتەوە و تێیدا جەخت لەوە دەکەنەوە دەوڵەتان نوێنەرایەتی کۆمەڵگا یان زۆرینەی هاولاتیانی کۆمەڵگاکانیان دەکەن نەک تاک بە تاکی هاولاتییەکانیان، بۆیە لەئێستادا دیدگای کۆمەڵگەرایی زاڵە بەسەر پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکاندا و یاسای نێودەوڵەتی لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە. هاوکات پێشنیاری ئەوە دەخەنە ڕوو کە لە سەردەمی جیهانگیریدا پێویستە دیدگای کۆمەڵگەرایی لەگەڵ دیدگای جیهانگەرایی لە یەکتر نزیکببنەوە و پێکەوە ئاوێتە بکرێن تا ڕووبەڕووی ئاڵنگارییەکان ببنەوە.

لە توێژینەوەیەکی دیکەشدا کە لەلایەن نیلوفەر کاراجاسولو و ئیرم ئاشکار لەژێر ناوی "دابەشبوونی نێوان کۆزمۆپۆلیتانیزم- کۆمەڵگەرایی: بە ئاراستەی ڕێگای سێیەم" ئەنجام دراوە، کە توێژەران پێداچونەوە بە توێژینەوەکانی ٣٠ ساڵی ڕابردووی ئەم پرسەدا دەکەنەوە و جەخت لەوە دەکەنەوە کە دەکرێت زەمینەیەکی هاوبەش لەنێوان دیدگای کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزمدا بڕەخسێنرێت لە تیۆری پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکاندا، ئەویش لەڕێی پەیڕەوکردنی ڕێگای سێیەم کە بریتیە لە جیهانگەرایی ئەخلاقی (Ethical Universalism) یاخود پراگماتیزم.

سەرباری ئەم دەرئەنجامانەی کە توێژینەوەکانی دیکە پێی گەیشتوون، ئەم توێژینەوەیە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئامراز و ئامانجەکانی جیهانگیری لە خزمەتی دیدگای کۆزمۆپۆلیتانیزمدان و بوونەتە گەشەپێدەری ئەم دیدگایە. لە بەرامبەردا جیهانگیری ئاڵنگاری ڕاستەقینەی بۆ دیدگا و تیۆریی کۆمەڵگەرایی دروستکردووە و لەزۆر حاڵەتدا تەنانەت دژی دەوەستێتەوە. ئەمەش بەو واتایەی جیهانگیری هیچ مەودایەکی نەهێشتوەتەوە بۆ لێکنزیکبوونەوە و هەماهەنگی و ڕەخساندنی زەمینەی هاوبەش لەنێوان تیۆری کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزمدا لە کایەی پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکاندا.

## باسی یەکەم
## چوارچێوەی چەمک و تیۆر

لەم باسەدا تیشک دەخەینە سەر پێناسەکردنی چەمکی جیهانگیریی و گرنگترین ڕەگەز و ئامانجەکانی. هاوکات چوارچێوەی هەردوو تیۆری کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزم دەخەینە بەر باس و ڕوانگەیان سەبارەت بە جیهانگیریی شیکار دەکەین.

هەردوو تیۆری کۆمەڵگەرایی کە بە (کلتورگەرایی)ش ناودەبرێت و کۆزمۆپۆلیتانیزم کە بە (جیهانگەرایی)ش ناسراوە دەچنە خانەی تیۆری پێوەرگەرایی یاخود تیۆری ئەخلاقی (Normative Theory )کە بە دیدێکی ئەخلاقی و مرۆییەوە لێکدانەوە و شیکاری بۆ پرسەکانی پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان دەکات (Karacasulu & Karakir, n.d.). پرسیاری سەرەکی لە تیۆری ئەخلاقیدا بریتییە لەوەی کە ئایا لە جیهانی سیاسیدا ئەرک و بەرپرسیاریێتی ئەخلاقی دەکەوێتە ئەستۆی کێ؟ ئایا تاک بەرپرسیارە لەوەی ئەخلاقیانە مامەڵە بکات یاخود ئەوە ئەرکی دەوڵەتە کە ببێتە گەشەپێدەر و پارێزەری ئەخلاق؟ کۆمەڵگەرایی تێڕوانینی وایە کە تاک تەنها پابەندبوونی ئەخلاقی هەیە بەرامبەر بە ئەندامانی گروپ و ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیانەی لەسەر بنەمای ڕەگەز، نەتەوە یان ئاین دروست بوون لە چوارچێوەی دەوڵەتدا. بەڵام کۆزمۆپۆلیتانیزم لەم پرسەدا ڕای جیاوازە و پێی وایە هەموو مرۆڤێک ئەرک و پابەندبوونی ئەخلاقی هەیە بەرامبەر هەموو مرۆڤێکی سەر ئەم زەمینە بەبێ جیاوازی( Karacasulu & Karakir, n.d.).

بێگ دانیەڵ کە چەندین توێژینەوەی لەبارەی دیدگای کۆمەڵگەرایی کردووە دەڵێت کۆمەڵگەرایی گرنگی زۆر دەدات بە کۆمەڵگاکان بە تایبەتی بەها هاوبەشەکان و ناسنامە کلتوورییەکانی کە بە کاریگەریان دەزانێ لەسەر پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان (Bell,2024). واتە کۆمەڵگەرایی تیشک دەخاتە سەر ناسنامەی بەکۆمەڵ و پابەندبوون بە کۆمەڵگاکان وەک گۆڕاوێکی بنەڕەتی (پرەنسیپی بنەڕەتی) لە داڕشتنی ڕەفتاری دەوڵەتان و تاکەکان. لە بەرامبەردا تیۆری کۆزمۆپۆلیتانیزم جەخت لەسەر بابەتەکانی بەرپرسیاریێتی و پابەندبوونی ئەخلاقی و مافی مرۆڤ دەکاتەوە بەبێ گوێدانە مافی هاولاتیبوون یاخود لایەنداری سیاسیان ( Moravcsik, 1992 ).

## داخوازی یەکەم
## چەمک و پێناسەی جیهانگیریی

جیهانگیری چەمکێکی نوێیە کە لە هزر و فەلسەفەی سیاسیدا بەکاردەهێنرێت، کە مەبەست لە کاریگەرییەکانی گەشەسەندنی پیشەسازییە لە جیهاندا و ئەو دەرئەنجامە ئابووری کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتوریانەی لەسەر کۆمەڵگاکان بەتایبەت کۆمەڵگا ناپیشەسازییەکانی جیهان دروستی دەکات (Piie, n.d.). جیهانگیریی وای کردووە جیهان ببێت بە گوندێکی بچوکی ئەلیکترۆنی کە بەشەکانی لە ڕێگەی مانگە دەستکردەکان و پەیوەندییەکان لە ڕێگەی بۆشایی و کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بە یەکەوە بەستراون، ئەوە زانراوە لە لایەن زانایانی مێژووەوە کە جیهانگیریی دیاردەیەکی تازە نییە بەڵکو کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی شانزەی زایینی، کە ئەم دیاردەیە لەگەڵ سەرەتای داگیرکردنی ڕۆژئاوا بۆ ئاسیا و ئەوروپا و دوو کیشوەرە ئەمریکیەکە دەستی پێ کردووە، پاشان پەیوەست بووە بە پێشکەوتنی سیستەمی بازرگانی نوێ لە ئەوروپا، کە وای کرد سیستەمێکی جیهانیی ئاڵۆز دروست بێت کە بە جیهانیی بوون وەسف دەکرا و پاشان ناوی لێ نرا جیهانگیریی (Scheuerman, 2023).

لەمەڕ چەمکی جیهانگیریی و پێناسەکەی و ڕەگەز و خەسڵەتەکانی ڕوانگەی جیاواز هەیە لەنێو بیرمەندان و توێژەرانی بوارەکە. فرانسیس فۆکۆیامای خاوەن یەکێک لە بەناوبانگترین تیۆرەکانی بیری هاوچەرخ و بیرمەندی دیاری ئەمەریکی، لە بارەی جیهانگیرییەوە دەڵێت "جیهانگیریی بریتییە لە گەڕانەوە بۆ هیگڵیزمی نوێ و سەرکەوتنی ئەو لیبراڵیزمەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەیڕەوی دەکات، تا ئەو جێگەیەی مێژوو تێیدا کۆتایی دێت و تا ناکۆتا لە خولگەکەیدا "(Fukuyama, 1989). بە واتایەکی دیکە فۆکۆیاما جیهانگیریی وەک دیاردەیەک وێنا دەکات کە لێکەوتەی ئایدۆلۆژیای لیبرالیزمە کە لەلایەن ئەمەریکاوە برەوی پێدەدرێت.

لە ڕووی زمانەوانیەوە وشەی جیهانگیریی (Globalization) لە وشەی (Globe) وەرگیراوە و کە بەمانای "جیهان" دێت، لە زمان و فەرهەنگی عەرەبیشدا وشەی "العولمة" بۆ ئەم چەمکە بەکارهاتووە کە بە مانای بڵاوکردنەوەی شتێک و گەورەکردنی بازنەکەی بدات تا سیفەتێکی جیهانی پەیدا بکات(Piie, 2024). کەواتە گرنگترین خاسیەتی جیهانگیریی بریتییە لە بڵاوبوونەوە و گشتگیر بوون، بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری و فرەجەمسەربوونی بۆچوونەکان کە وادەکات چەمکی جیهانگیریی لە لایەن ئابووریناس، سیاسەتمەدار و ڕاگەیاندنکارانەوە بەشێوەیەکی بەرفراوان و لە بەستێنی جیاوازدا بەکاربێت ( Koopmans & Zürn, 2001.

بە گوێرەی فەرهەنگی کەیمبریجی بەریتانی جیهانگیریی بریتییە لە "گەشەپێدانی پەیوەندی ئابوری و کلتوری و سیاسی نێوان گەلانی جیهان بەهۆی فەراهەمبوونی ئاسانی بوارەکانی

گەشتکردن و پەیوەندی و تەکنەلۆژیا" (Globalization, n.d.). هاوکات بەپێی فەرهەنگی سیاسی زانکۆی ئۆکسفۆرد، جیهانگیریی بریتییە لە "ئازادی لە گواستنەوەی زانیاریەکاندا، هەڵقوڵانی سەرمایەکان، بیرۆکە جیاوازەکان، تەکنەلۆجیا، کاڵا و بەرهەمەکان، هەروەها گوزارشتیش لە گەڕانی مرۆڤیش دەکات لە نێوان کۆمەڵگە مرۆڤایەتییە جیاوازەکاندا، چونکە ئەمە وادەکات جیهان وەک گوندێکی بچوک بێتە بەرچاو" (Wilson, 2011). هەرچی توێژەری ناسراوی عەرەب "السید یاسین"ە، پێناسەی ئەم دیاردەیەمان بۆ ڕووندەکاتەوە و بۆچونی وایە جەوهەری جیهانگیریی خۆی لە سێ ئامانجدا دەبینێتەوە و دەڵێت جیهانگیریی بریتییە لە،" بڵاوبوونەوەی زانیارییە بە شێوەیەك بە ئاسانی لە بەردەستی هەموو هاوڵاتییەکدا بێت، تواندنەوەی سنوری نێوان دەوڵەتان، بەرزبوونەوەی ڕێژەی هاوشێوەبوون لە نێوان گروپ وکۆمەڵگە و دامودەزگاکاندا" (یس، 2008). پاشان بەشێوەیەکی گشتی توێژەرانی بواری جیهانگیریی وای دەبینن کە جیهانگیریی لەسەر چوار پرۆسە بەندە، کە بریتییە لە پێشبڕکێ لە نێوان زلهێزە جیهانییەکان، وە بڵابوونەوەی جیهانگیریی لە بەرهەمهێنان و گۆڕینەوەی کاڵاکاندا، وە داهێنان و شۆڕشی تەکنەلۆژی، و نوێگەری بەردەوام (Pesqueux, 2017).

هاوکات کۆمەڵێك ڕەگەز پێکەوە توانیویانە سیماکانی جیهانگیریی پێکبهێنن، هەریەك لەو ڕەگەزانە، ئاماژەن بۆ بوونی ئەم دیاردە جیهانییە لەسەر ئاستە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤایەتی، کە گرنگترینیان بریتن لەم چوار ڕەگەزەی خوارەوە (Bonciu, 2017):

**ڕەگەزی یەکەم:** پەرەپێدانی سیستەمی سەرمایەداری و زاڵبوونی بەسەر سیستەمی سۆشیالیستیدا و پاشەکشەکردنی دید و بۆچونەکانی مارکسیزم. ئەمەش وایکرد ئامانج و تەرزەکانی سەرمایەداری بەسەر کایەکانی ژیاندا زاڵبێت، وەك بەهای بازاڕ و بازرگانی و ئازادی تاك و کرانەوەی ئابوری و ئاڵوگۆڕی بازرگانی..هتد.

**ڕەگەزی دووەم:** جیهانگیریی ئاماژەیە بۆ بڵاوبوونەوەی بیرۆکە و کلتور و دامەزراوە و هەڵوێستەکانی ڕۆژئاوا بە سەرانسەری جیهاندا. بۆیە زۆر کەس جیهانگیریی یەکسان دەکەن بە چەمکی"ڕۆژئاوایی بوون"(Westernization) یان "ئەمەریکایی بوون" (Americanization)، بەتایبەت بزوتنەوە توندڕەو و ئاینیەکانی دژی ڕۆژئاوا. لەم نێوەندەدا ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بە گەشەپێدەر و نوێنەری ڕۆژئاوا بۆ بڵاوکردنەوەی جیهانگیریی هەژمار دەکرێت لەڕێی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک نەتەوەیەکگرتوەکان (UN)، ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی (WTO) و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی (IMF).

**ڕەگەزی سێیەم:** بەشێکی زۆری جیهانگیریی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە لە ڕووی مێژووییەوە پێی دەوترێت نوێگەری (Modernization)، کە بریتین لە کۆمەڵێک ڕەفتار و بیروباوەڕ کە تەحەدای کۆمەڵگەی نەریتی دەکەن. جیهانگیریی وەک هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر بەها و نەریت و کلتوری کۆمەڵگا سەیر دەکرێت، بەتایبەت لەو شوێنانەی ئاین پێگەیەکی بەهێزی هەیە و بەشێوەیەکی پراکتیکی ئەزموون دەکرێت و بەرکەوتنی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ڕەوتی مۆدێرنیزم دەبێت.

**ڕەگەزی چوارەم:** شۆڕشی تەکنەلۆژیا و زانیاری لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هیچ کات وەك ئەم قۆناغە مێژووییە پێشکەوتن و داهێنانی وای بە خۆوە نەبینیوە، بە تایبەتی لە بواری پیشکەوتنە خێراکان، هەروەها لە بوارەکانی زانیاری و گەیاندن و فراوانبوونی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، کە جیهانی کردووە بە گوندێکی بچوککراوە. ئەمەش دواجار بووەتە هۆی ئاسانکردن و بەرزکردنی ئاستی ژیانی خەڵک، هەر بۆیە خەڵک جیهانگیریی وەک خۆی قبوڵکردووە و بە ئامرازێکی ئەرێنی دەبینێ بۆ باشترکردنی ژیانی.

دواجار وەک بینیمان ڕەگەزەکانی جیهانگیریی خۆی بووە بە هۆکارێک بۆ جەمسەرگیری و دابەشبوونی نێوان ئایدۆلۆژیای کۆمەڵگەرایی و جیهانگەرایی بە ئاڕاستەی لایەنداری بۆ جیهانگەرایی و تەنانەت گەشەپێدانی کە هەندێک وەک فۆرمێکی کانتیانەی پێشکەوتوی لیبراڵیزم لەقەڵەمی دەدەن. بەم جۆرەش جیهانگیریی بووەتە هۆی کاڵکردنەوەی سەروەری و سنوری دەوڵەتان و کەمبونەوەی کاریگەری شوناسی نەتەوەیی و ئاینی و چەسپاندنی بەهاکانی ڕۆژئاوا و گەشەسەندنی دیاردەی کۆچی بەکۆمەڵ. لە هەمان کاتدا بیرمەندانی وەک فۆکۆیاما و هەڵگرانی هزری لیبراڵیزم جیهانگیریی وەک دەرئەنجامێکی ئەرێنی ئایدۆلۆژیای لیبرالیزم تەماشا دەکەن. پێیان وایە جیهانگیریی شۆڕشێکی ئابوری و تەکنەلۆژی و سیاسیە و مژدەی باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی پێیە و مرۆڤ لە بونەوەرێکی ناوچەییەوە دەکاتە بونەوەرێکی جیهانی، کە ئەمەش خەونی جیهانگەراکانە. بۆیە زۆر جار کۆمەڵگاکان بێ گوێدانە بایەخی کلتور و شوناس و بەها و بیروباوەڕیان، باوەشیان بۆ ئامڕاز و بەهاکانی جیهانگیریی کردوەتەوە، کە ئەمەش تەواو پێچەوانەی خواستی کۆمەڵگەراکانە.

## داخوازی دووەم
## لەبارەی تیۆری کۆمەڵگەرایی

کۆمەڵگەرایی بریتییە لە قوتابخانەیەکی فەلسەفی و هزری سیاسی بەشداری کارای هەیە لە شیکاری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم وەک پەرچەکردارێک بۆ تێز و پێشنیارەکانی لیبراڵیزم سەریهەڵدا کە تێیدا جەخت لە وابەستەیی تاک دەکاتەوە بەکۆمەڵگاوە و پێیوایە شوناسی تاک لەکۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرێت. دیدگا وهزری کۆمەڵگەرایی گرنگی بە سێ بواری سەرەکی دەدات کە ئەوانیش بریتین لە گرنگی کۆمەڵگا لەسەر شوناس و بەهاکانی تاک، برەودان بە"چاکەی گشتی"، ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان مافی تاکەکان و ئەرکە کۆمەڵایەتیەکان (Etzioni, 2006). کەواتە کۆمەڵگەرایی بریتییە لەو دیدگایەی گریمانەی ئەوە دەکات کە شوناسی مرۆڤەکان لەژێر کاریگەریەکی بەهێزی کۆمەڵگا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانە و پێویستە ئاکارە ئەخلاقی و سیاسیەکان بەم پێوەرە هەڵبەسنگێنرێن و هەموو یاسا و دامەزراوەکان لەسەر ئەم بناغەیە دابمەزرێنرێن.

کۆمەڵگەراکان پێیان وایە کۆمەڵگا پێویستیەکی سەرەکی ژیانی مرۆڤە و هیچ بژاردەو جێگرەوەیەکی دیکەی نیە. بڕوایان وایە وێناکردنی بەردەوامی ژیانی تاکێک لە دەرەوەی کۆمەڵگا شتێکی ناواقیعی و باوەڕپێنەکراوە. بۆیە کۆمەڵگەراکان بڕوایان وایە شوناسی تاک لەلایەن کۆمەڵگاوە دیاری دەکرێت و تاکەکان بەشێکن لە خێزان، هۆز، گروپی ئاینی، گروپی ئیتنی و نەتەوەیی. پابەندبوونی تاکەکان بە ئەخلاق و بەها و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان دەبێتە شوناسی سەرەکی تاکەکان و سنوری ئازادی ڕەفتار و مامەڵەیان دیاری دەکات. تیۆری کۆمەڵگەرایی ئەو بۆچونەی لیبراڵیزم بە نادروست دادەنێت کە کار و چالاکی خۆبەخشانەی تاکەکان دەبێتە هۆی دروست بوونی کۆمەڵگا، بەڵکو کۆمەڵگەرایی بۆچونێکی تەواو پێچەوانە دەخاتە ڕوو کە ئەوە کۆمەڵگایە شوناسی تاکەکان دیاریدەکات و تاک بەبێ کۆمەڵگا هیچ ڕۆڵێکی جڤاکی نیە ( Avineri & De-Shalit, n.d.).

گریمانەی کۆمەڵگەراکان دوو ڕەهەندی هەیە: ڕەهەندی ئەزمونی و ڕەهەندی ئەخلاقی. لە ڕەهەندە ئەزمونیەکەوە کۆمەڵگەراکان پێیان وایە کۆمەڵگا خۆی خۆڕسکانە بەهاکان بەرهەم دەهێنێت و دەیانچەسپێنێت (Etzioni, 2015). بەڵام لە ڕوانگە ئەخلاقیەکەوە، بەها هاوبەشەکان پێویستیەکی جەوهەرین و بەرجەستەکردنیان لە کۆمەڵگادا بەرپرسیارێتیەکی ئەخلاقی کۆی گشتی کۆمەڵگایە. یەکەم ڕەهەندی ئەزمونی کۆمەڵگەراکان جەخت لەوە دەکاتەوە کە بە درێژایی مێژوو کۆمەڵگاکان خاوەنی بەها و نەریتی جیاواز بوون و هۆز و تیرەکان خۆڕسکانە لەسەر کۆمەڵێک بنەمای هاوبەش ڕێکەوتون کە بوەتە بناغەی تەونی کۆمەڵایەتیان. دووەم ڕەهەندی ئەخلاقیش جەخت

لەوە دەکاتەوە کە مانەوە و بەردەوامبوونی کۆمەڵگا مرۆییەکان پەیوەستە بە پارێزگاریکردن لەو بەها ئەخلاقیانەی کە ڕایەڵەیەکی مەعنەویە لەنێوان تاکەکاندا.

دواتر لە چەقی گفتوگۆی نێوان لیبراڵیزم و کۆمەڵگەرایی‌دا پرسیارێکی جەوهەری دێتە ئاراوە: ئایا ئەرک و بەرپرسیاریەتی دەوڵەت دەبێت لە ڕوانگەی چاکەی تاکەکانەوە دیاری بکرێت یاخود لە ڕوانگەی چاکەی گشتی کۆمەڵگاوە؟ ئایا دەرکردنی یاساکان و بڕیاری سیاسی دەبێت بەگوێرەی خواست و ڕەفتاری تاکەکان بێت یاخود بەگوێرەی شوناس و ڕەفتاری گروپە کۆمەڵایەتیەکان؟ بە دیوێکی دیکەدا، ئایا یەکەی سەرەکی شیکاری سیاسەت پێویستە تاکەکان بن یان کۆمەڵگا؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا، لیبراڵەکان بەشێوەیەکی گشتی بڕوایان وایە کە سیاسەت بە گوێرەی ڕەفتار و بڕیار و مافی تاکەکان وێنا دەکرێت نەک شوناس و تایبەتمەندی کۆمەڵگە. لەبەرامبەردا کۆمەڵگەراکان پێیان وایە کە شوناسی کۆمەڵایەتی یەکەی سەرەکی سیاسەتە و پێویستە هەموو هەڵوێست و بڕیارە سیاسیەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا بدرێت (Etzioni, 2006).

سەبارەت بە پرسی جیهانگیرییش، کۆمەڵگەراکان بەشێوەیەکی گشتی دژی ئامڕاز و ئامانجەکانی جیهانگیریین و پاساویشیان ئەوەیە کە جیهانگیریی ڕێز لە تایبەتمەندی کلتوری کۆمەڵگەکان ناگرێت و هەوڵی سەپاندنی بەهاکانی ڕۆژئاوا دەدات و دژایەتی شوناس و نەریت و بیروباوەری کۆمەڵگا دەکات. هەروەها کۆمەڵگەراکان بڕوایان بە پاراستنی سەروەری دەوڵەت و پاراستنی سنوری دەوڵەتان هەیە کە لەژێر هەیمەنەی جیهانگیرییدا بەرەو لاوازبوون دەچن چونکە پێیان وایە ناسنامەی تاک لە کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرێت و پرەنسیپەکانی دادپەروەری تەنها لە چوارچێوەی دەوڵەتدا بەرجەستە دەبێت (Koopmans & Zürn, 2001).

بەم جۆرە کۆمەڵگەرایی تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی کۆمەڵگا لە بونیادی ناسنامەی ئەندامەکانی و پاراستنی ئەو نەریت و کلتور و بەهایانەی کە لە چوارچێوەی کارلێک و پەیوەندی ئەندامەکاندا دروست دەبن. کۆمەڵگەراکان دژ بە ئازادی ڕەهای تاکن و پێیان وایە لەبەرامبەر داواکاردنی ماف و ئازادیدا، تاک پێویستە کۆمەڵێک ئەرک و بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە کۆمەڵگەکەی لە ئەستۆ بگرێت کە گرنگترینیان بەرجەستەکردنی چاکەی گشتیە. ئا لێرەدا کۆمەڵگەراکان ڕۆڵی سەرەکی دەوڵەت دیاریدەکەن کە ئەویش پاراستنی ئەو بەها و نۆرمانەیە لە شێواندن و برەودانە بە چاکەی گشتی کۆمەڵگا.

## داخوازی سێیەم
## لەبارەی تیۆری کۆزمۆپۆلیتانیزم

کۆزمۆپۆلیتانیزم وەک تیۆرێکی سیاسی هاوچەرخ دیدگا و ئاراستەی جودا لەخۆدەگرێت، بەڵام چەقی هزری کۆزمۆپۆلیتانیزم خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە مرۆڤەکان هەمویان ئەندامی یەک گەردونن و لە هەرکوێی جیهان بن پێویستە ڕێزیان لێبگیرێت و بەچاوی مرۆڤبوونەوە لێیان بڕوانرێت. توێژەری بەڕەگەز هۆڵەندی ستان ڤان هوفت دەڵێت کۆزمۆپۆلیتانیزم ئەو بۆچوونەیە کە پێی وایە پێگەی ئەخلاقی تاکەکان لە ناو هەموو گەلێکدا لە سەرانسەری جیهاندا یەکسانە (Van Hooft, 2014). بە واتایەکی دیکە هەموو تاکەکان لە جیهاندا بەشێوەیەکی یەکسان خاوەنی هەمان مافن بەبێ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیە ڕەگەزی و نەتەوەیی و سیاسیەکان.

هەروەها توێژەری ئەمەریکی تۆماس پۆگ، کە بە یەکێک لە ڕابەرانی کۆزمۆپۆلیتانیزمی هاوچەرخ ناسراوە، بەم شێوەیە وەسفی کۆزمۆپۆلیتانیزمی کردووە؛ سێ توخم لەلایەن هەموو کۆزمۆپۆلیتانیستەکانەوە هاوبەشە کە بریتین لە: یەکەم، تاکگەرایی؛ وەک جەختکردنەوە لەسەر خەم و بەرپرسیارێتی مرۆڤەکان یان کەسەکان –بەرپرسیارێتی تاک بەرامبەر خێزان، هۆز، کۆمەڵگا؛ نەتەوەیی، کلتووریی، ئاینی، یان دەوڵەتەکان. دووەم؛ گشتگیربوون؛ لێرە زۆر جەخت لەسەر یەکسانی لە نێوان هەموو مرۆڤەکان دەکاتەوە. سێیەم؛ جیهانگەرایی؛ بەو مانایەی کە دیدگای کۆزمۆپۆڵی لە ئاستی لۆکاڵیدا نییە، بەڵکو تایبەتە بە هێز لە ئاستی جیهانیدا. تۆماس پۆگ کۆزمۆپۆلیتانیزم کورت دەکاتەوە لەوەی کە تاک دەبێت لە خەمی هەمواندا بێت لە هەر کوێیەکی ئەو جیهانەدا بێت، بەڵام ئەو جەختکردنەوەیە لەسەر تاک نابێت وامان لێ بکات کە کۆزمۆپۆلیتانیزم وەک ناوێکی دیکە بۆ یەکسانیخوازی یان هیومانیزمی لیبراڵ بەکاربێنین (Pogge, 1992).

ڕوانگەی کۆزمۆپۆلیتانیزم پێی وایە مرۆڤ قەرزدارە لە ڕووی ئەخلاقیەوە بەرامبەر بە هەموو کەسێک لە جیهاندا، بەبێ لەبەرچاوگرتن و گوێدانە ئەوەی کەسەکان سەر بە چ گروپ و کۆمەڵەیەکن. ئەوانەی کە مەیلیان بۆ کۆزمۆپۆلیتانیزم هەیە گرنگی بە خەم و کێشە و ئازارەکانی هەموو کەسێک دەدەن لە سەرانسەری جیهاندا. بۆیە ئەگەر بێتوو هەمووان پەیڕەوی ئەو پرەنسیپە بکەن، جیهانێکی پڕ لە ئاشتی و ئارامی دێتە بوون، بەڵام هێنانەدی ئەم ئامانجە لە ئایدیاڵەوە نزیکە وەک لە واقیع وەک چۆن هەندێک لە پرەنسیپ و ئامانجەکانی کۆمەڵگەرایی بەدیهێنانیان لە خەیاڵێک زیاتر نیە. بۆیە کۆزمۆپۆلیتانیزم بە هەمان شێوەی کۆمەڵگەرایی زیاتر لە چوارچێوەی تیۆر و تێزدا ماوەتەوە و وەکو لیبرالیزم یان کۆنزەرڤاتیزم تا رادەیەکیش کۆمیونیزم نەچۆتە بواری جێ بەجێکردنەوە. دەکرێت هۆکاری ئەمە فرەڕەهەند بێت بەڵام وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد ئەخلاق سەرەکیترین پرەنسیپە کە کۆزمۆپۆلیتانیزم جەختی لەسەر دەکاتەوە کە وەک ئەرک دەیخاتە سەر شانی تاک (مرۆڤ) (Kleingeld & Brown, 2019 ).

سەبارەت بە پرسی جیهانگیرییش، کۆزمۆپۆلیتانیزم هاوڕا و تەبایە لەگەڵ زۆرێک لەو ئامڕاز و ئامانجانەی جیهانگیریی خاوەنداریێتی دەکات. جیهانگیریی هاوچەرخ بەشێوەیەکی گشتی بووەتە پەرەپێدەری بەها و پێشنیارەکانی کۆزمۆپۆلیتانیزمە کە جەخت لە تێپەڕاندنی قۆناغی سەروەری دەوڵەتە دەکاتەوە بەرەو ئاراستەی کرانەوەی زیاتری سنورەکان بەڕووی هاوڵاتیان و شتومەکدا بەو ئامانجەی هیچ بەربەستێک نەمێنێت لەبەردەم بەدیهێنانی مافی هاوڵاتیبوونی جیهانیدا. کۆزمۆپۆلیتانیزم لەگەڵ کرانەوەی زیاتری کلتوری و ئاڵوگۆرکردنی بیروڕان کە ئەمەش هاوتەبایە لەگەڵ ئامانجەکانی جیهانگیریی. بەڵام جیهانگیریی جۆرێک لە نایەکسانی ئابووری و جەمسەربەندی سیاسی دێنێتە بەرهەم کە ناتەبایە بە ئامانجی کۆزمۆپۆلیتانەکان بۆ بەدیهێنانی یەکسانی و عەدالەتی جیهانی کە تێیدا مرۆڤەکان خاوەن هەمان ماف و ئازادی یەکسان بن و لەسەر کۆمەڵێک بەها و ئەرکی هاوبەش ڕێکبکەون (Bouzov, 2015).

بە گوێرەی دیدگای کۆزمۆپۆلیتانیزم، هەستکردن بە مافی هاوڵاتی بوون لە ئاستی جیهانیدا و پێشخستنی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ و دادپەروەری هەنگاوی چارەنوسسازن بۆ گەیشتن بە ئاشتی هەمیشەیی. هەروەها جەخت لەوەش دەکاتەوە کە بە تێپەڕاندنی سنوری دەوڵەت-نەتەوە و کارکردنی بە کۆمەڵ دەکرێت ئەو پرسانەی کە دەبنە هۆی ناکۆکی و کێشە باشتر چارەسەر بکرێن، لە نمونەی هەژاری، نایەکسانی، پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ. بەڵام لێرەدا پرسیارێکی جەوهەری دێتە پێشەوە کە ئایا چۆن دەکرێت بەرژەوەندیە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیەکان پێش هاریکاری جیهانی بخرێت؟

لە وەڵامدا کۆزمۆپۆلیتانیزم پێشنیارێکی جیاوازتر پێشکەش دەکات بەوەی دەبێت هەموو مرۆڤێک سنوری لۆکالیەتی تێپەڕ بکات و بگاتە ئاستێکی جیهانی فروانتر و لەبری بەرژەوەندیە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیەکان، بەرژەوەندی کۆمەڵگای جیهانی پەرەی پێبدرێت. لەم سۆنگەیەشەوە، خەمی تاک هەر بە تەنها بۆ کۆمەڵگاکەی خۆی نەبێت، بەڵکو دەبێت تاک خەمەکەی بۆ هەموو تاکێکی تر بێت لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، ئەمەش تێپەڕاندنی سنورەکانی سەروەری دەوڵەتە کە دیدگای کۆمەڵگەرایی بایەخی پێدەدات. لەم باسەی خوارەوەدا تیشک

دەخەینە سەر بەراوردی تیۆری کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزم لەڕووی ئەو ئاڵنگاریانەی کە بەهۆی جیهانگیرییەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

## باسی دووەم
## ڕوانگەی هەردوو تیۆرەکە بۆ ئاڵنگارییەکانی جیهانگیریی

جیهانگیریی لەگەڵ ئەوەی وەک شۆڕشێکی پیشەسازی و ئابوری دەستی پێکرد، چەندین شەپۆلی گۆڕانکاری کلتوری و سیاسیشی لەگەڵ خۆی هەڵگرت بەجۆرێک دابەشبونێکی ئایدۆلۆژی بەرچاوی لەنێوان "جیهانگەرا" و "تایبەتگەرا"کان یاخود کۆزمۆپۆلیتانیزم و کۆمەڵگەرایی دروست کرد. ئەم جەمسەربەندی و دابەشبونە بەپێی پێوەرەکانی تیۆری ئەخلاقی (Normative Theory) و ناکۆکیە ئایدۆلۆژیەکان دروستبوون چونکە بەبێ لێکدانەوەی ئەخلاقی و ئایدۆلۆژی لەبارەی پرسی جیهانگیریی ناتوانین دەرئەنجامێکی دروست بخەینەڕوو کە ئایا لەباوەشگرتنی جیهانگیریی شیاوترە یاخود گەڕانەوە بۆ دەوڵەتگەرایی. یاخود ئاڕاستەی سێیەم دێتە کایەوە کە پێشنیازی تیۆری پراگماتیزم دەکات وەک چارەسەرێکی ناوەند بۆ مشتومڕی نێوان کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزم (Karacasulu & Karakir, n.d.).

**خشتەی(١)**

**بەراوردی کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزم**

| **ڕوانگەکان** | **کۆمەڵگەرایی** | **کۆزمۆپۆلیتانیزم** |
|---|---|---|
| **دیدگای بنەڕەتیان** | جەخت لە گرنگی کۆمەڵگا و کلتور و ناسنامەکان دەکاتەوە | جەخت لە مافی هاوڵاتیبوونی جیهانی و مافەکانی مرۆڤ دەکاتەوە |
| **کلتور و ناسنامە** | لە ناو کۆمەڵگە نەتەوەییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت | سنوری کۆمەڵگەکان تێدەپەڕێنێت و ڕەهەندێکی جیهانی هەیە |
| **سەروەری دەوڵەت** | گرنگی بە سەروەری دەوڵەت و حکومڕانی دەوڵەتی نەتەوەیی دەدات | گرنگی بە حکومڕانی جیهانی وهاریکاری نێودەوڵەتی دەدات |
| **جیهانگیری** | بەدگومانە لە جیهانگیری و مەترسی لەناوچونی کلتور و ناسنامەکان | پستیوانی لە جیهانگیری و ئاڵوگۆڕی ئازادانەی مرۆڤ، کەلوپەل و کلتورەکان دەکات |
| **دیاردەی کۆچ** | لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی دیاردەی کۆچ و داخستنی سنورەکانە | لەگەڵ واڵاکردنی سنورەکان و هاتوچۆی ئازادانەی مرۆڤەکانە |

بەگوێرەی توێژینەوەکانی ڕیچارد شاپکۆت جیاوازیەکانی کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزم لەڕووی سیاسی و ئایدیۆلۆژیەوە خۆی لە چوار بابەتی سەرەکیدا دەبینێتەوە کە بریتین لە (Shapcott, 2001):

**یەکەم:** کۆمەڵگەرایی کۆمەڵگە لە چەقی فەلسەفەکەیدا دادەنێت، لە کاتێکدا کۆزمۆپۆلیتانیزم تیشک دەخاتە سەر تاک و مافەکانی لەسەر ئاستی جیهانی.

**دووەم:** کۆمەڵگەرایی لە ناوەڕۆکدا پارێزگاری لە بەها و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان و سەروەری نەتەوەیی دەکات، لەکاتێکدا کۆزمۆپۆلیتانیزم بانگەشە بۆ نۆرمەکانی جیهانی و حوکمڕانی نێودەوڵەتی دەکات.

**سێیەم:** کۆمەڵگەراکان پێیان وایە شوناس لە لایەن کۆمەڵگەوە لە قاڵب دەدرێت، لە کاتێکدا کۆزمۆپۆلیتانەکان دەڵێن شوناس سنووری نەتەوەیی و کلتووری تێدەپەڕێنێت بەرەو جیهانیبوون.

**چوارەم:** لای کۆمەڵگەراکان، سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکان زۆرجار بریتین لە پاراستنی پیشەسازی و کلتووورە ناوخۆییەکان، لە کاتێکدا لای کۆزمۆپۆلیتانەکان بریتییە لە بەرەوپێشبردنی بازرگانی جیهانی، کۆچکردن و ستانداردە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ.

وەلێ ئەم جۆرە دابەشبونە لەنێوان کۆمەڵگەرا و کۆزمۆپۆلیتانەکان وەک خاڵێکی جەوهەری بەرئەنجامی دیدگای جیاوازیانە سەبارەت بە مافی تاک و مافی کۆمەڵگە، چونکە کۆزمۆپۆلیتانەکان بەرگری لە ماف و سەربەخۆیی تاک دەکەنەوە، لە کاتێکدا کۆمەڵگەراکان بایەخ بە ماف و تایبەتمەندی کۆمەڵگا دەدات. وەک دەبینین سەبارەت بە ماف و ئازادیەکانی تاک، کۆزمۆپۆلیتانیزم هەمان دیدگا و تێڕوانینی لیبرالیزمی هەیە، تەنانەت زۆر جار کۆزمۆپۆلیتانیزم لەلایەن هەندێک توێژەرەوە بە لیبرالیزمی جیهانگەرا لەقەڵەم دەدرێت.

هاوکات جیهانگیریی (Globalisation) وەک لە پێناسەکەی فرانسیس فۆکۆیامادا ئاماژەمان پێکرد، یەکێکە لە دیاردە یاخود ئامانجەکانی ئایدۆلۆژیای لیبرالیزم کە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاوە پەرەی پێدەدرێت. دیدگای لیبراڵیزم جیهانگیریی وەک دەرفەتێک دەبینێ بۆ بڵاوکردنەوەی بەها لیبراڵەکان و دروست کردنی وابەستەیی ئابووری بە یەکسانی، چونکە لیبرالیزم ئەگەری ئەوە دادەنێ کە جیهانگیریی هاوکاری و لێک تێگەیشتنی زیاتر لە نێوان گەلانا فەراهەم دەکات. هاوکات هەردوو ئایدۆلۆژیای کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزم لەگەڵ سیستەمی لیبراڵ دیموکراسین بەڵام کۆزمۆپۆلیتانەکان زیاتر مەیلیان بۆ لای ڕەهەندە "لیبراڵ"ەکە و کۆمەڵگەراکانیش مەیلیان بۆ لای ڕەهەندە "دیموکراسی"ەکەیە (Karacasulu & Karakir, n.d.).

بۆیە سەبارەت بە پرسی جیهانگیریی، لیبرالیزم و کۆزمۆپۆلیتانیزم هەمان دیدگایان هەیە و پەرەپێدەری ڕەوتی جیهانگیریین. تەنانەت لەڕووی زاراوەی چەمکەکانەوە، جیهانگیریی یەکسان دەبێت بە کۆزمۆپۆلیتانیزم، چونکە هەردوو وشەی (Globe) و (Cosmos) لە ڕووی زاراوەی فەرهەنگیەوە زۆر لەیەکەوە نزیکن و هەردووک بە مانای جیهان یاخود گەردون دێن. کەواتە کۆزمۆپۆلیتانیزم جیهانگیریی وەک ئامرازێک دەبینێت بۆ گەیشتن بە ئامانجی بنەڕەتی خۆی کە دروستکردنی کە ئەویش لەنێوان دیدگای کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزمدا، لایەنداری کۆزمۆپۆلیتانیزم دەکات و هاوتەریب لەگەڵ بنەما و پرەنسیپەکانیدا هەنگاو دەنێت.

لەلایەکی دیکەشەوە کاریگەریەکانی جیهانگیریی بە پرۆسەیەک بەرێوەدەچێت کە لە "سەرەوە بۆ خوارەوە" شۆڕدەبێتەوە و زلهێزەکانی جیهان و خاوەن سەرمایە گەورەکانی ڕۆژئاوا لە سەرەوەی هەرەمەکەن و ئەو بەها و ئامانجانەی دەیانەوێت دەیسەپێنن بەسەر ئەوانەی خوارەوەدا. بەڵام پرۆژەی کۆمەڵگەرایی بە پرۆسەیەکدا دەڕوات کە لە "خوارەوە بۆ سەرەوە" هەڵدەکشێت و بەجۆرێک کۆی پرۆسەی سیاسی و بڕیاردان هەڵقوڵاوی بەها و نەریت و کلتوری کۆمەڵگایە، سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا کۆک و هاوڕان لەسەری (Jones, 2000).

سەرەڕای ئەم ناکۆکیانە، جیهانگیریی و سیماکانی لە ڕووی سیاسی و ئایدۆلۆژیەوە بوونەتە گەشەپێدەری کۆزمۆپۆلیتانیزم و چەندین ئاڵنگاریان ڕوبەڕووی کۆمەڵگەرایی کردوەتەوە کە ئەمەش بووەتە هۆی دابەشبوون و دورکەوتنەوەی زیاتر لەنێوانیاندا. لەم توێژینەوەیەدا تیشک دەخەینە سەر چوار لە گرنگترین ئاڵنگارییەکان کە ئەوانیش بریتین لە: سەروەری دەوڵەت لەبەردەم مەترسیدا، واڵاکردن یاخود داخستنی سنورەکان، پرسی بەها و کلتور و ناسنامە، پرسی دیاردەی کۆچی بەکۆمەڵ و مافی هاوڵاتیبوون.

## داخوازی یەکەم
## سەروەری دەوڵەت لەبەردەم مەترسیدا

یەکەم ئاڵنگاری کە جیهانگیریی ڕووبەڕووی هەردوو تیۆری کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزمی دەکاتەوە پرسی کاڵبونەوەی سەروەری دەوڵەت و پێگەی دەوڵەتە وەک یەکەیەکی سەرەکی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. لەدوای جەنگی جیهانی دووەم و لەگەڵ دروستبوونی یەکێتی ئەوروپا کە قەوارەیەکی هەرێمی یەکگرتووە و سنورەکانی دەوڵەتی تێپەڕاند، جیهانگیریی گۆڕانکاری ڕیشەیی بەسەر سیستەمی وێستفالیا (Westphalian System) دا هێنا کە تێیدا جیهان لەکۆمەڵێک دەوڵەتی خاوەن سەروەری پێک دەهات ( Koopmans & Zürn, 2001). لێرەوە پرسی سەروەری دەوڵەتی نەتەوەیی کەوتە ژێر پرسیارەوە کە ئایا بەردەوام بوونی بەو فۆرمە پێویستە یاخود پێویستە گۆڕانکاری بونیادی تێدا بکرێت. چیتر شوناسی نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی و سیاسی وەک پێوەرێک نەمایەوە بۆ ئەندامبوون لە کۆمەڵگا و بەشداریکردن لە بڕیاری سیاسیدا.

لە ڕووی ئابوریەوە، سەرنجی جیهانگیریی لەسەر فراوانکردنی بازرگانی و چەسپاندنی بنەماکانی بازاڕی ئازاد و تێپەڕاندنی سنورەکانی دەوڵەتە بەڕووی کاڵا و مرۆڤەکاندا. لێرەدا جیهانگیریی گەورەترین ئاڵنگاری ڕووبەڕووی سەروەری دەوڵەت کردەوە بەجۆرێک فۆرمی دەوڵەتی سەربەخۆی لە ڕووی ئابوریەوە گۆڕی بۆ دەوڵەتی ناسەربەخۆی پشت بەیەکبەستوو. بە مانایەکی تر لەگەڵ فراوانبوونی بازرگانی جیهانیدا، دەوڵەتان بۆ بەرهەمهێنانی کاڵا و ڕکابەریکردن لە بازاڕدا پشتیان بە وزە و کارامەیی و سەرچاوە سروشتیەکانی ئەوانی دیکە بەست، ئەمەش دەرئەنجام بووە هۆی ناسەربەخۆیی ئابوری زۆرێک لە دەوڵەتان بەجۆرێک کە دەوڵەتانی خاوەن پیشەسازی بە ئاسانی بتوانن دەستێوەردان لە کاروبارە ئابوری و سیاسیەکانیدا بکەن و سەروەریان پێشێل بکەن (Pesqueux, 2017).

دەرئەنجام ئەم جۆرە ناسەربەخۆییە ئابوریە بووە هۆی کاڵبونەوەی سەروەری دەوڵەت بە چەشنێک زۆرێک لە دەوڵەتەکانی ناچار کرد لەبری بەکارهێنانی ڕێکاری زبر و ویستی بەرەنگاری و ڕیگریکردن لە بازاڕی ئازاد، یاسای نەرم و دیپلۆماسیەت و ڕێگای دانوستان بگرنە بەر. لە هەمان کاتدا ئەم جۆرە لە ناسەربەخۆیی ئابوری، ئاڵوگۆڕی دەستی کار و سەرچاوە مرۆییەکانی لەنێوان دەوڵەتان هێنایە کایەوە چونکە هەندێک لە دەوڵەتان پێویستیان بە ئەزموون و کارامەیی و توانای دەوڵەتانی دیکە هەبوو. ئەمەش کاریگەری ئەرێنی هەبوو لەسەر "مافی هاوڵاتیبوون" (Citizenship) بە چەشنێک مرۆڤەکان لە یەک کاتدا بوونە خاوەنی مافی هاوڵاتیبوون لە چەند دەوڵەتێکی جیاوازدا، کە ئەمەش یەکێکە لە ئامانجە باڵاکانی کۆزمۆپۆلیتانیزم(Pesqueux, 2017).

بەڵام لە ڕوانگەیەکی دیکەوە ڕاستە جیهانگیریی بووەتە هۆی لاوازکردنی سەروەری دەوڵەتان، لە هەمان کاتدا دەرفەتی یەکسانی لەبەردەم دەوڵەتاندا ڕەخساندووە کە لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا ئەسپی خۆیان تاو بدەن و هەژمونی خۆیان لەڕووی ئابوری و سیاسی و کلتوریەوە فراوان بکەن و لەبری مانەوە لەچوارچێوەی لۆکاڵی دەوڵەتدا ببنە "یاریکەرێکی جیهانی"(International Player). لەم سۆنگەیەوە جیهانگیریی پێشنیاری نیۆ-لیبراڵەکانی لا پەسەندە کە جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەوڵەتان بۆ فراوانکردنی هەژمون و کاریگەریان پێویستیان بە دروستکردن و پابەندبوون بە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان نیە، بەڵکو تەنها پێویستە ئەو ڕێکەچارانە بدۆزنەوە کە عەقڵانین و پێویستیان بە دامەزراوەی نێودەوڵەتی نیە ( Simma & Paulus. 1998).

وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد لەڕووی ئایدۆلۆژیەوە دیارترین ناکۆکی لەنێوان کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزمدا ڕۆڵی دەوڵەت و سەروەریەکەیەتی. کۆمەڵگەرایی دەوڵەت وەک ئەکتەرێکی سەرەکی دەبینێت بۆ پاراستنی ئاشتی کۆمەڵایەتی و پارێزگاریکردن لە بنەماکانی ئەخلاق و بەدیهێنانی چاکەی گشتی، بەڵام ڕۆڵی دەوڵەت لای کۆزمۆپۆلیتانەکان لاوازترە و دوو دیدگای جیاوازیان هەیە سەبارەت بە ڕۆڵی دەوڵەت. هەندێکیان لە خەمی دروستکردنی دەوڵەتێکی جیهانیدان کە مافی هەموو تاکەکان بە بێ جیاوازی تێیدا پارێزراوبێت و پێیان وایە ئەمە تەنها خەونێک نیە. تاکە بەڵگەشیان سەرکەوتنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک قەوارەیەکی جیهانی نادەوڵەتی. هەندێکی دیکەش لە کۆزمۆپۆلیتانەکان بڕوایان بە دروستکردنی فیدراسۆنی دەوڵەتە سەربەخۆکانی جیهانە کە لەژێر چەتری دامەزراوەیەکی جیهانیدا یەکبگرن و پەیڕەوی هەمان یاسا و پرۆگرام بکەن تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ ( Kleingeld & Brown, 2019 ).

هەر سەبارەت بە ڕۆڵی دەوڵەت لە کۆزمۆپۆلیتانیزمدا، کرەیگ کالهۆن بۆچونی وایە کە دیدگای کۆزمۆپۆلیتانیزم گرنگی بە مافی تاک و بەها گشتتگیرەکان دەدات کە سنوری نەتەوەکان تێپەر دەکات، ئەمیش واتە گرنگیدان بە جیهان نەوەک دابەزین بۆ لۆکالیەت و گروپی دیاریکراو، یاخود بەو مانایەی کە دەکرێت تاک وابەستەی وڵاتی خۆی بێت بەڵام لەگەڵ فرەیی و هەمەچەشنیش دا بێت (Calhoun, 2008). هەر بۆیە کۆزمۆپۆلیتانیزم تاکەکان وەک هاوڵاتی جیهانی سەیر دەکات و مافی مرۆڤ و دادپەروەری لە چوارچێوەی ئەخلاقی هاوبەشدا لە پێشینەی هەموو نۆرم و بەها ئەخلاقیەکاندا دادەنێت.

کۆزمۆپۆلیتانیزم وەک باسمان کرد ئاڵنگاری ڕۆڵی نەریتی دەوڵەت دەکات، واتە وەک ئەکتەری سەرەکی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا نایبینێت، کاتێک کە بانگەشە بۆ پێداچوونەوە بە سەروەری دەوڵەتان دەکاتەوە داوای گرنگیدانی زیاتر دەکات بە بەرژەوەندی کۆمەڵگەیەکی جیهانی، بەڵام لە چوارچێوەی جیهانێکی زیاتر بەیەکەوە گرێدراو و وابەستە بەیەکترەوە. سەبارەت بە ئەکتەرە نا-دەوڵەتیەکان و دامەزراوە جیهانییەکانیش وەک دەیفد هێلد باسی دەکات کۆزمۆپۆلیتانیزمی سیاسی ئەکتەرە نا-دەوڵەتیەکان وەک تەواوکەرێکی پێویستی جیهانی تەماشا دەکات کە دەبێت توانای کارگێڕی و سەرچاوەی سیاسی سەربەخۆیان هەبێ لە ئاستی ناوچەیی و جیهانی (Held, 2003).

بەڵام کاتێک لە کۆمەڵگەراییدا باس لە ڕۆڵی دەوڵەت دەکرێت؛ وەک ئیمانوێل ئادلێر دەڵێت دەوڵەت وەک بەشێک لە تۆڕێکی فراوانتری کۆمەڵگاکان دەبینێت (Adler, 2004). کۆمەڵگەرایی تەنها ئەو ڕۆڵە دەدات بە دەوڵەت کە کار بکات لە پێناو پاراستن و پەرەپێدانی بەها و شوناسە کۆمەڵایەتییەکان و دەوڵەت وەک ئاسانکارێک (ئامرازێک) بۆ بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا سەیر دەکات. کەواتە لە کۆمەڵگەراییدا دەوڵەت ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە پاراستنی ناسنامەی کلتووری و سیاسی و هاوڵاتیانیدا کە ڕۆڵی دامەزراوەیەکی گرنگ دەبینێت کە بەها و نۆرمە هاوبەشەکانی کۆمەڵگا دەپارێزێ و بەهێزیان دەکات، بە واتایەکی دیکە یەکگرتویی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری سنورەکان زیاتر مسۆگەر دەکات بە بەراورد بە کۆزمۆپۆلیتانیزم.

دواجار، جیهانگیریی دەیەوێت قۆناغی سەروەری دەوڵەتی نەتەوەیی تێپەڕێنێت و هەنگاو بنێت بەرەو ئاستێکی باڵاتری ئاڵوگۆڕ و پشتبەیەکبەستن لەڕووی ئابوری و سیاسی و کلتوریەوە لەنێوان دەوڵەتان بە ئاراستەی بەجیهانیبوون. کەواتە لەم پرسەدا جیهانگیریی و کۆزمۆپۆلیتانیزم هاوڕا و دەست لەناو دەستن بۆ لاوازکردنی سەروەری دەوڵەتان و کە پرەنسیپێکی گرنگە لە دیدگای کۆمەڵگەراییەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا، پێشنیارێکی واقیعیان نیە بۆ دروستکردنی قەوارەیەکی جیهانی تا بتوانێت لەڕووی ئەخلاقی و دامەزراوەییەوە بەرپرسیاریێتی هەڵبگرێت و ببێتە جێگرەوەی دەوڵەت. ئەوەی ئەوان پێشنیاری دەکەن تەنها لەچوارچێوەی یۆتۆپیایەکی سیاسیدا ماوەتەوە و نەتوانراوە ئەزموون بکرێت. هەرچەندە ژمارەیەک لە وڵاتان هەوڵیان داوە لەڕووی ماف و ئازادیەکان و پرسی وەرگرتنی پەنابەران و بەخشینی مافی هاوڵاتیبوون بەئاراستەی جیهانگەرایی هەنگاو بنێن، بەڵام بەهۆی ئەو ئاڵنگاری

و ئاریشە زۆرانەی ڕووبەڕوویان بووەتەوە بەشێکی زۆریان پاشەکشەیان کردووە و گەڕاونەتەوە بۆ قۆناغی پاراستنی سەروەری دەوڵەتەکانیان.

## داخوازی دووەم
## واڵاکردن یان داخستنی سنورەکان

دووەم ئاڵنگاری کە جیهانگیریی ڕوبەڕووی ئایدۆلۆژیای کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزمی کردوەتەوە بریتییە لە واڵاکردن یان داخستنی سنورەکان. وەک لە بەشی پێشودا باسمان کرد، جیهانگیریی و ئامڕازەکانی لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ کەمکردنەوەی سەروەری دەوڵەت و واڵاکردنی سنورەکان بەڕووی بازرگانی ئازاد و دیاردەی کۆچ و هاتوچۆی کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان. ئەم ویستەی جیهانگیریی هەرچەندە ڕەهەندێکی بازرگانی و ئابوری هەیە، بەڵام چەندین لێکەوتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوری هەیە.

گرنگترین ئەو پرسانەی کە بەهۆی جیهانگیریی و واڵاکردنی سنوەرەکانەوە لەنێوان کۆمەڵگەڕا و کۆزمۆپۆلیتانەکان مشتومڕی ناوەتەوە بریتن لە: دیاردەی کۆچی نایاسایی، بازرگانی ئازاد، ئاڵوگۆڕی سەرمایە و وەبەرهێنانی جیهانی، پرسی ژینگە و گۆڕانی کەشوهەوا، پرسی تیرۆر و توندوتیژی (دەستێوەردانی مرۆیی)، پرسی بەهاکان (وەک مافی مرۆڤ، یەکسانی جێندەری)، هەژمونی سیاسی (لەڕێی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان)، درم و نەخۆشیە گوازراوەکان، تەکنەلۆژیا و پەیوەندییەکان (وەک ئینتەرنێت و سۆشیال میدیا)، مەترسیەکانی ئاسایش (تیرۆری نێودەوڵەتی) (Koopmans & Zürn, 2001).

سەبارەت بە واڵاکردنی سنورەکان، تیۆری کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزم تەواو ناکۆکن و بە ئاڕاستەی پێچەوانەوە هەنگاو دەنێن. کۆزمۆپۆلیتانەکان کە لە هەمان کاتدا بە جیهانگەرا (Universalist) ناسراون لەم پرسەشدا هاوڕان لەگەڵ ڕەوتی جیهانگیریی بڕوایان وایە کە دەبێت سنورەکان بە ڕووی هەمواندا کراوەبێت تا بە ئاسانی ئاڵوگۆڕی نێودەوڵەتی ئەنجام بدرێت. لە بەرامبەردا کۆمەڵگەراکان لەگەڵ ئەوەدان کە سنوری دەوڵەتان وەک خۆی بە دیاریکراوی و داخراوی بمێنێتەوە، پاساویشیان بۆ ئەم بابەتە سێ فاکتەری سەرەکیە (Globalization, n.d.) یەکەم، بۆچونیان وایە کە چەمکی عەدالەت تەنها لە سنوری دەوڵەتدا بەدی دێت و لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە دەگۆڕێت. دووەم، سنوری داخراو لە ڕووی ئاسایشی نەتەوەییەوە پارێزراوترە. سێیەم، سنوری داخراوی دەوڵەت ڕێگری لە شێواندن و لەناوچوونی شوناس و کلتور و تایبەتمەندی کۆمەڵگاکان دەگرێت.

کۆمەڵگەرا و کۆزمۆپۆلیتانەکان لە ڕوانگەی مەترسی و دەرفەتەوە هەڵسەنگاندن بۆ کاریگەری جیهانگیریی بۆ واڵاکردنی سنورەکان دەکەن. هەر بۆیە کۆمەڵگەراکان و ئەوانەی دژی جیهانگیریین، لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ داخستنەوەی سنوری دەوڵەتان چونکە بڕوایان وایە واڵاکردنی سنورەکان مەترسیەکانی لە دەرفەتەکانی زیاترن. لەبەر ئەمەش زۆرجار کۆمەڵگەراکان بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە هاندەری ڕەگەزپەرستی و ناسیۆنالیزمن. بۆ نمونە ڕود کوپمانز و مایکل زورن ڕەخنە دەگرن و دەڵێن کە دەستەواژەی "کۆمەڵگەرایی" بە ئەدەبەوە بەکاردێت بۆ چەسپاندنی هەندێ تایبەتمەندی نەخوازراوی وەک ڕەگەز پەرستی و شۆڤینیزم، چونکە کۆمەڵگەرایی گرنگی نادات بەوەی کە مرۆڤ دەیەوێت چ جۆرە پێوەرێکی ئەخلاقی یان فەلسەفی جێ بەجێ بکات، یاخود دەیەوێت چی بکاتە بەها بۆ خۆی (Koopmans & Zürn, 2001).

پاشان ئەوەی خەمی گەورەی کۆمەڵگەراییە لەمەڕ پرسی واڵاکردنی سنورەکان کە جیهانگیریی بواری بۆ دەڕەخسێنیت بریتییە لە پرسی ئاسایش و سەقامگیری دەوڵەتان لەگەڵ لەناوچونی ناسنامە و کلتور و تایبەتمەندی کۆمەڵگاکان (Bouzov, 2015). سەبارەت بە ئاسایش و سەقامگیری، کۆمەڵگەراکان بڕوایان وایە کرانەوەی سنورەکان چەندین مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتان دروست دەکات لە نمونەی سەرهەڵدانی تیرۆر و تەراتێنی دەزگاکانی هەواڵگری و بڵاوبوونەوە و تەشەسەندنی نەخۆشیە گوازراوەکان لە نمونەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کە سەرجەم وڵاتانی جیهانی ناچارکرد سنورەکانیان دابخەن. خەمی دووەمی کۆمەڵگەرایی بریتییە لە کاریگەری جیهانگیریی و واڵاکردنی سنورەکان لەسەر کاڵبوونەوەی بەهاکانی کۆمەڵگا و لەناوچونی ناسنامە و کلتور و زمانی نەتەوەکان و سڕینەوەی جیاوازیەکان بەمەبەستی یەکڕەنگکردن و هاوشێوەبوونی کۆمەڵگاکان (Homogenization)، کە بە بڕوای کۆمەڵگەرایی ئەم هەنگاوە کۆمەڵگا مرۆییەکان لەبن دەهێنێت.

لە بەرامبەردا کۆزمۆپۆلیتانەکان بۆچونیان وایە کە واڵاکردنی سنورەکان هیچ مەترسیەک بۆ سەر دەوڵەت دروست ناکەن بەڵکو چەندان دەرفەتی ئابوری و سیاسی و کلتوری لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەڕەخسێنن (Karacasulu & Karakir, n.d.). پاساوی ئەمانیش بریتییە لەوەی کە دەوڵەتان لە ڕووی ئابوریەوە پشت بە یەک دەبەستن و پیویستیان بە هاریکاری یەکترە لەڕووی سەرچاوەی مرۆیی و سروشتی و داراییەوە. هەروەها جەختیش لەوە دەکەنەوە کە پرسی عەدالەت بابەتێکی ئەخلاقیەوە و ناکرێت لەچوارچێوەی سنوری دەوڵەتدا قەتیس بکرێت، بەڵکو ئەوە پرسێکی جیهانیە و پێویستە عەدالەت وەک مافێکی گەردونی هەموو مرۆڤەکان بگرێتەوە.

هەر بۆیە کۆزمۆپۆلۆیتانەکان لەسەر پرسی عەدالەت، پشتیوانی لە تێزی "پەردەی غافڵانەی" فەیلەسوفی لیبراڵی ئەمەریکی جۆن ڕاوڵز دەکەن، کە بڕوای وایە بۆ بەدیهێنانی عەدالەت، پێویستە لایەنەکان پەردەی نائاگایی بدەن بەسەر خۆیاندا بەجۆرێک بێ ئاگابن لە جیاوازی چینایەتی و ڕەگەزی و ماددی خۆیان، کە ئەمەش تەواو پێچەوانەی تێزی کۆمەڵگەراکانە کە جەخت لە تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی و کلتوری کۆمەڵگەکان دەکەنەوە (Rawls, 1999). بەدیوێکی دیکەدا ئەوەی ڕاوەڵز لەم تێزەیدا بەدوایدا وێڵە بریتییە لە بەدیهێنانی "عەدالەتی جیهانی" (Universal Justice) کە سنورەکانی دەوڵەت تێدەپەڕێنێت و دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو مرۆڤەکان دەڕەخسێنێت.

دواجار ئەوەی جیهانگیریی ئامانجێتی کرانەوەی زیاتری سنورەکانە بەڕووی مرۆڤ و کاڵا و بەهاکاندا، کە ئەمەش ئاڵنگاریەکی راستەقینەیە بۆ سەر پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان و کلتور و ناسنامەیان. لە هەمان کاتدا واڵاکردنی سنورەکان خواست و ئامانجی کۆزمۆپۆلیتانەکانە کە دەیانەوێت هیچ بەربەستێک لەبەردەم ئاڵوگۆڕ و هاتوچۆی ئازادانەی مرۆڤەکاندا نەمێنێت و "حکومەتێکی جیهانی" دروست بکرێت لەسەر بنەماکانی مافی مرۆڤ و دادپەروەری جیهانی. بەڵام هێشتا ئەو پرسیارە بە کراوەیی دەمێنێتەوە ئایا کێ بەرپرسیاریتی ئەخلاقی لە ئەستۆ دەگرێت لە دۆخی کرانەوە یان داخستنی سنورەکان؟ ئایا کۆمەڵگا و دەوڵەت بەرپرسیارێتی هەڵدەگرن وەک کۆمەڵگەراکان بانگەشەی بۆ دەکەن یاخود ئەو قەوارە جیهانیەی کۆزمۆپۆلیتانەکان خەونی پێوە دەبینن؟

## داخوازی سێیەم
## بەها و کلتور و ناسنامە

یەکێکی دیکە لەو ئاڵنگاریانەی کە جیهانگیریی دوچاری تیۆری کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزمی دەکاتەوە بریتییە لە پرسی بەها و کلتور و ناسنامەکان. هەرچەندە بینیمان دیدگای کۆمەڵگەرایی بەتایبەت کۆمەڵگەرا نوێیەکان کرانەوەیەکی زۆریان پێوە دیار بوو سەبارەت بە پرسە جیاوازەکان بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو کرانەوەیەدا، کۆمەڵگەرایی نیگەرانی خۆی بەرامبەر بەرەوپێشچونەکانی جیهانگیریی دەردەبڕێت، چونکە پێیوایە جیهانگیریی ئەگەری لاوازبوونی ناسنامە و بەهاکان زیاتر دەکات، وە هەندێک ئەکتەر لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا زیاتر لە هەندێکی دیکە لە جیهانگیریی سوودمەند دەبن.

تیۆری کۆمەڵگەرایی جەخت لەوە دەکاتەوە ئەو کۆمەڵگایانەی لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەدان دوو خەسڵەتی بنەڕەتیان هەیە: خاوەنی ناسنامەی نەتەوەیی دیاریکراون، جۆرێک لە هاوسۆزی کۆمەڵایەتی (Solidarity) پێکیانەوە دەبەستێتەوە (Pesqueux, 2017). هەر بۆیە کۆمەڵگەراکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە جیهانگیریی ناسنامە و شوناسی نەتەوەیی لە چوارچێوەی دەوڵەتدا بەرەو کاڵبوونەوە دەبات و بایەخی ئەو جۆرە ناسنامەیە لەبەرچاو ناگرێت. بەڵام پێشنیاری جیهانگیریی لەم بارەیەوە لەگەڵ پێشنیاری کۆزمۆپۆلیتانیزمدا یەک دەگرێتەوە کە ئەویش هەڵگرتنی ناسنامەی "بەکاربەری جیهانی" یاخود "هاوڵاتی جیهانی"ە، بەجۆرێک لە هیچ کوێیەکی جیهاندا مرۆڤ نابێتە بێگانە.

سەبارەت بە پرسی هاوسۆزی یاخود هاودەنگی کۆمەڵایەتیش، جیهانگەراکان پێشنیاری ئەوە دەخەنە ڕوو کە سیستەمی دڵنیایی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی (Social Insuarance) جێگرەوەیەکی گونجاوە بۆ پرسی هاوسۆزی کۆمەڵایەتی کە چیتر ئەو ئەرکە ناکەوێتە سەر شانی کۆمەڵگا و دەوڵەت لەئەستۆی بگرێت. بەڵام لێرەدا جۆرێک لە هاودژیەکبوونی هزری بەدی دەکرێت چونکە ئەوە دامەزراوەکانی دەوڵەتن کە سەرپەرشتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ هاوڵاتیان دەکەن و هیچ دەزگایەکی نێودەوڵەتی نیە کە ئەو کارە جێبەجێ بکات (Pesqueux, 2017). ئەمەش ڕەخنەیەکی کۆمەڵگەراکانە لە جیهانگەراکان کە لەلایەک بانگەشەی بەجیهانی بوون دەکەن لە لایەکیش ئەرکە کۆمەڵایەتیەکان دەخەنە ئەستۆی دەوڵەت.

زۆرجار ئاستەنگی بەردەم کۆزمۆپۆلیتانیزم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سروشتە ئایدیالیستیەی کە هەیەتی بە جەختکردنەوە لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوونی جیهانی (Universal Citizenship) و بەها گشتگیرەکان (Universal Values) کە وەک خەون یان یۆتۆپیایەک حیساب و خوێندنەوەی هەیە بۆ واقیعی دەسەڵات و بەرژەوەندی دەوڵەتان لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا (Calhoun, 2008). بەڵام هێشتا ئاستەنگی گەورەی ڕێبازەکە بابەتی سەروەری دەوڵەتە، کە دەوڵەتان بەرەنگاری کۆزمۆپۆلیتانیزم دەبنەوە بۆ پاراستنی سەروەری خۆیان، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی گرژی لە نێوان حکومڕانی لە ئاستی جیهانی و لۆکاڵی. لە هەمان کاتدا جەختکردنەوەی کۆزمۆپۆلیتانیزم لەسەر بەها گشتگیرەکان لە ئاستی جیهانیدا ئاڵنگاریەکی دیکەی بەردەم ئەم تیۆرەیە چونکە زۆرجار بەهای گشتگیر وەک بەهای ڕۆژئاوا-سەنتەر لێک دەدرێتەوە.

هەر سەبارەت بە ئاڵنگارییەکانی جیهانگیریی، بیرمەندی ناسراوی ئەمەریکی، مایکڵ دۆیل بە تەواوی دژی پارادایمی جیهانگیریی و سەپاندنی کاپیتالیزمە لەناو دیدگای لیبراڵیزمدا، کە ئەگەر ورد لێی بڕوانین بۆچوونەکەی هەمان بۆچوونی کۆمەڵگەراییە (Doyle, 2000). دۆیل باسی ئەوە دەکات کە گرنگە بزانین کە گۆڕانکاری لە بازاڕی ئازاد لە ئاستی نیشتمانی یان جیهانی دەبێتە هۆی ئەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و نۆڕمەکان، لە هەمووشی گرنگتر پەیوەندی نێوان کار و سەرمایە تێک بچێ، کە بە قووڵی لە پلەبەندیی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسیدا چەسپاوە. دۆیل دەڵێت کاتێک کە هەر سێ پێکهاتەی زەوی، کار و سەرمایە وەک کاڵا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، دەرئەنجامەکەی بریتییە لە ڕەگهەڵکێشانی کۆمەڵگە دامەزراوەکان، ژیانی گوندەکان، داینەمیکی ناوچەیی، پەیوەندی چینایەتی و پیشەسازی، کە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی گۆڕانی هاوسەنگی هێز لە جیهاندا.

ئاماژە بەوەش دەکات لە ئەنجامدا بازرگانی ئازاد دۆخێک دروست دەکات کە بۆ نمونە جوتیاران ناڕازی و نیگەران دەبن بەوەی کە نرخی بەرهەمە کشتوکاڵیەکانیان دادەبەزێت و کاڵاکانیان ساغ نابێتەوە، کاتێک بەرهەمی دەرەکی دەهێنرێتە ناوەوە و کێبڕکێ و ڕکابەری لەنێوان نرخەکان دروست دەبێت. بەڵام بە بڕوای ئەو لەبەر ئەوەی جوتیاران بەگشتی باش خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ئەم پێشهاتانە، بەرەنگاری ئەو جۆرە ئاڵنگاری و گۆڕانکارییەکانە دەبنەوە. کرێکارانیش بە هەمان شێوەی جوتیاران نایانەوێت کێبڕکێ بکەن لەگەڵ ئەو کرێکارانەی کە بە داهاتی کەم ڕازی دەبن و لە دەرەوەی سنوری دەوڵەتەکانیان دێن بۆ کارکردن. ئەمانەش دواجار ئاشتی و سەقامگیری کۆمەڵایەتی دەخاتە بەر هەڕەشەی جددی و کۆمەڵگاکان شوناسی خۆیان لەدەست دەدەن.

پاشان وەک پێشتر لە پێناسەکانی جیهانگیرییدا ئاماژەمان پێکرد، یەکێک لە خەسڵەتەکانی جیهانگیریی بریتییە لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی هاوشێوەبوون لەنێوان گروپ و کۆمەڵگە و دامودەزگاکاندا. ئەمەش بەو مانەیە دێت کە تاک و کۆمەڵگاکان شوناس و کلتور و بەهاکانی خۆیان لەدەست دەدەن و دەچنە ژێر ڕکێفی شەپۆلەکانی جیهانگیریی. هۆکاری ئەم لاوازبوونەی ناسنامەکان دەگەڕێتەوە بۆ دوو لە سەرەکیترین ڕەگەزەکانی جیهانگیریی کە بریتی بوون لە "بە ڕۆژئاواییبوون" (Westernization )و "نوێگەری" (Modernization). لە ژێر چەتری یەکەمیاندا کە "بە ڕۆژئاواییبوونە" بەهاکانی ڕۆژئاوا زاڵ دەبن و دەست دەگرن بەسەر جیهاندا. لە ژێر چەتری دووەمیشدا کە "نوێگەری"ە نەریت و ڕەفتار و بیروباوڕی کۆمەڵگا ڕووبەڕووی تەحەدا و هەڕەشەی لەناوچوون دەبنەوە.

هەروەها کاریگەری شۆرشی تەکنەلۆژی و زانیاری کە خەسڵەتێکی دیکەی جیهانگیرییە، کاریگەری بەرچاوی هەبووە لەسەر پەیوەندییە مرۆییەکان و پێکهاتەی کۆمەڵگاکان. سەرهەڵدانی ئەنتەرنێت و سۆشیال میدیا کە جیهانی کردووە بە گوندێکی بچوک ئاڵنگاری ناسنامەی کۆمەڵگا نەریتیەکان دەکات و هانی تاک دەدات بۆ دەرچوون لە "لۆکاڵیبوون" و هەنگاو نان بۆ "جیهانیبوون" بە دروشمی "جیهانیانە بیرکەرەوە و لۆکاڵیانە کار بکە" ( Think globally, act locally) (Norberg-Hodge & Local Futures. 2010) . چیتر ناسنامەی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و سنورە فیزیکی و جوگرافیەکان پێوەر نین بۆ ئەندام بوون لە کۆمەڵگادا، بەڵکو ئێستا تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان مرۆڤی هاوچەرخی کردووە بە ئەندام لە چەندین گروپی لۆکاڵی و هەرێمی و جیهانی سنوربڕ کە کۆمەڵێک بەها و ئامانجی هاوبەش پێکیانەوە دەبەستێت.

سەبارەت بە فراوانبوونی تەکنەلۆژیا و هۆکارەکانی پەیوەندیکردن، توێژەری ناسراو بواری مرۆڤناسی ئارجون ئاپادورای بڕوای وایە گەشەسەندنی تەکنەلۆجیای پەیوەندیکردن و دیاردەی کۆچی بەکۆمەڵ کاریگەری گەورەی دروستکردووە لەسەر گۆڕینی کلتور و ناسنامەی گەلان بەجۆرێک کۆمەڵە کەسێک لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە خەون و ئامانجەکانیان پێکەوە بەش دەکەن بەبێ ئەوەی هیچ سنورێکی فیزیکی پێکیانەوە ببەستێتەوە (Appadurai, 2001 ). بەم جۆرەش کلتور و ناسنامەی گەلان دەکەوێتە بەر هەڕەشەی سڕینەوە چونکە ئەو ئەندامانەی کۆمەڵگە چیتر پابەند نابن بە کلتوری لۆکاڵی کۆمەڵگاکانی خۆیان و وێڵی ناسنامەیەکی نوێی جیهانی دەبن.

یەکێکی دیکە لە کاریگەریەکانی جیهانگیریی لەسەر ناسنامە و کلتوری گەلان بریتییە لە باڵادەستبوونی زمانی ئینگلیزی وەک زمانێکی جیهانی کە لە هەندێک وڵات وەک زمانی دووەم و لە هەندێکی دیکەش بووەتە زمانی یەکەمی کۆمەڵگا (BIANCO, 2014). هۆکاری هەژموونی زمانی ئینگلیزیش دەگەڕێتەوە بۆ ئامڕازەکانی جیهانگیریی کە خۆی دەبینێتەوە لە هەژمونی سیاسی ئەمەریکا بەسەر جیهاندا، گەشەسەندنی دیاردەی کۆچ، شۆڕشی تەکنەلۆژیا و سۆشیال میدیا، کاریگەری کۆمپانیا و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان. لە هەندێک وڵات زمانی ئینگلیزی بووەتە زمانی سەرەکی لە ناوەندەکانی خوێندن، ئەمەش بووەتە هۆی پشتگوێخستنی زمانی دایک یاخود زمانی فەرمی نەتەوە لەلایەن زۆرینەی دەستەبژێری کۆمەڵگاوە و دواجار کێشەی ناسنامەی و سڕینەوەی کلتوری لەو کۆمەڵگایانەدا دروست کردووە.

بەکورتی کاڵبونەوەی کلتوری ناسنامەی گەلان وەک لێکەوتەیەکی جیهانگیریی لە بەرژەوەندی دیدگا و جیهانبینی کۆزمۆپۆلیتانەکان شکاوەتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا بووەتە ئاڵنگاریەکی جەوهەری بۆ دیدگای کۆمەڵگەرایی. جیهانگیریی لەم پرسەدا هاوکاریەکی بەرچاوی تیۆری کۆزمۆپۆلیتانیزم دەکات و پەرپێدەری هزری "هاوڵاتی جیهانی"ە کە خەونی جیهانگەراکانە.، بەڵام ئەمە مەترسیەکی بەرچاو لەسەر بەها و ناسنامە و کلتوری تایبەتی گەلان دروست دەکات کە بناغەی تیۆری کۆمەڵگەراییە. جیهانگیریی لەڕێی ئامڕازی سەرمایەداری،

بەرۆژئاوایبوون، نوێگەری، شۆڕشی تەکنەلۆژیا و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ئاڵنگاری گەورە بۆ ناسنامەی کۆمەڵگەکان دروست دەکات کلتور و زمان و شوناسی کۆمەڵایەتی گەلان دەخاتە بەر مەترسی سڕینەوە و لەناوچوون.

## داخوازی چوارەم
## دیاردەی کۆچی بەکۆمەڵ و مافی هاوڵاتیبوون

یەکێکی دیکە لەو ئاڵنگاریانەی کە تیۆری کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزم دوچاری دەبێت بەهۆی جیهانگیرییەوە بریتییە لە دیاردەی کۆچی بەکۆمەڵ و چۆنێتی دارشتنەوەی مافی هاوڵاتیبوون. وەک پێشتر وتمان، یەکێک لە خواستەکانی جیهانگیریی کە لەگەڵ خواستی کۆزمۆپۆلیتانەکان هاوتا دەبێت بریتییە لە ئاوەڵاکردنی سنورەکان بە ڕووی ئاڵوگۆڕی کاڵا و هاتوچۆکردنی ئازادانەی مرۆڤەکاندا بەجۆرێک هیچ مرۆڤێک لەسەر زەویدا خۆی بە بێگانە نەزانێت. ئەمەش وادەکات چیتر مرۆڤەکان وابەستە نەبن بە کۆمەڵگاکانی خۆیانەوە و مافی هاوڵاتیبوون لەسەر بنەمای ناسنامەی نەتەوەیی یاخود نیشتەجێبوون لە کۆمەڵگەیەکی نیشتەجێی جوگرافی نەمێنێت، بەڵکو کۆمەڵگای فرە کلتور (Multi-Culturalism) بێتە ئاراوە و مرۆڤەکان ببنە خاوەنی مافی هاوڵاتیبوونی جیهانی (Universal Citizenship)(Haukvik, 2015).

دیاردەی کۆچی بەکۆمەڵ لە وڵاتانی جیهانی سێیەمەوە بەرەو وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە سەریهەڵدا و ژمارەیەکی زۆر کۆچبەر ڕوویان کردە وڵاتانی ڕۆژئاوا. دیارترین هۆکارەکانی کۆچکردنیش بریتی بوون لە جەنگ، هەژاری و نایەکسانی کۆمەڵایەتی و نەبوونی ماف و ئازادیەکان لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا (Mitsilegas, 2012). هەروەها تەکنەلۆژیای سەردەم و سۆشیال میدیا کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر زیادبوونی دیاردەی کۆچ هەبووە، بەجۆرێک هاوڵاتیانی جیهانی سێیەم لەرێی میدیای سەردەمەوە ئاشنابوون بە ئارامی و خۆشگوزەرانی وڵاتانی ڕۆژئاوا، ئەمەش هەستی "قایل نەبوون بە دۆخی ئێستا"ی لا دروست کردوون و بووەتە پاڵنەری کۆچکردنیان (Haukvik, 2015). دواجار زیادبوونی کۆچی بەکۆمەڵ ئاڵنگاری گەورەی بۆ وڵاتانی بەرهەمهێن و خانەخوێی کۆچبەران دروست کردووە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ کۆچدا بکەن؛ چۆن ڕێگری لە گەشەسەندنی دیاردەی کۆچ بکەن و بە چ پێوەرێک مافی هاوڵاتیبوون بە کۆچبەران ببەخشن.

بەگوێرەی ڕاپرسیەک کە لە ژمارەیەک وڵاتانی جیهان لەلایەن ڕێکخراوی کاری جیهانی (International Labour Organization) ئەنجامدراوە کە لەپێناو ڕەخساندنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و مافی کرێکاران خەبات دەکات، دیاردەی کۆچکردن دوو ئاریشەی ڕووبەڕووی وڵاتانی جیهان کردوەتەوە (Views & Perceptions, n.d.). یەکەم، هاوڵاتیانی ئەو وڵاتانەی بەدەست هەژاریەوە دەناڵێنن و ڕێژەی داهاتیان کەمە گازندەی ئەوە دەکەن کە بەربەستی گەورە لەبەردەمیاندا هەیە بۆ کۆچکردن بۆ وڵاتانی خاوەن پیشەسازی و گەورە بەرهەمهێنەکان. هەروەها کاتێکیش دەچنە ئەو وڵاتانە وەک پێویست کاریان پێنادرێت و بە چاوێکی کەمتر سەیر دەکرێن، بە تایبەت پەنابەرە ژنەکان ڕووبەڕووی چەوساندنەوە دەبنەوە. دووەم، وڵاتانی خاوەن پیشەسازیش ڕەخنەی ئەوە لە کۆچبەران دەگرن کە پابەند نین بە ڕێنمایی و یاساکانی وڵات و هەندێک جار دەبنە هۆی تێکدانی ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ناتوانن خۆیان لەگەڵ ژینگەی ئەو وڵاتانەدا بگونجێنن.

بە گوێرەی تیۆری ئەخلاقی (Normative Theory)، هەردوو تیۆری کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلۆتانیزم ڕوانگەی جودایان هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی کۆچکردن. کۆزمۆپۆلیتانەکان بڕوایان بە مافی "هاوڵاتیبوونی جیهانی" هەیە کە هەموو مرۆڤێک بەشێوەیەکی یەکسان مافی ئەوەی هەیە لەهەر کوێیەکی ئەم جیهانەدا بیەوێت بژی. بەڵام کۆمەڵگەراکان بڕوایان بە مافی "هاوڵاتیبوونی نەتەوەیی" هەیە کە مرۆڤ تەنها لە چوارچێوەی دەوڵەتدا دەتوانێت داوای ماف و ئازادیەکانی بکات. هەرچەندە مافی کۆچبەران بەگوێرەی یاسا نێودەوڵەتیەکان پارێزراوە کە خواستی سەرەکی کۆزمۆپۆلیتانەکانە، وەرگرتنی کۆچبەران و مانەوەیان لە وڵاتانی میوانداردا لەژێرە رکێفی سەروەری دەوڵەتەکاندا دەمێنێتەوە کە ویستی کۆمەڵگەراکانە.

بەڵام لە هەمان کاتدا دیاردەی کۆچی بەکۆمەڵ بووەتە ئاڵنگارییەک بۆ دیدگای کۆمەڵگەرایی لە چوار ڕەهەندەوە. یەکەم، دیاردەی کۆچی بەکۆمەڵ یان نایاسایی سەروەری وڵاتانی خستووەتە بەردەم مەترسی و سنوورەکانی تەواو کاڵکردوەتەوە. دووەم، دیاردەی کۆچ قەیرانی ئاسایش و سەقامگیری کۆمەڵایەتی و کلتوری و سیاسی لە وڵاتانی خانەخوێ دروست کردووە. سێیەم، دیاردەی کۆچ بووەتە هۆی گۆڕانکاری لە دیمۆگرافیای وڵاتان و پرسی بەها و کلتور و ناسنامەی نەتەوەکانی خستووەتە بەردەم مەترسی لەناوچوون و بیری ڕەگەزپەرستی زیندووکردۆتەوە. چوارەم، لەڕووی ئابووریەوە، دیاردەی کۆچ مەترسی لەسەر بژێوی هاوڵاتیانی وڵاتەکە و ڕێژەی دەستەبەری کار و داهات و خەرجی گشتی وڵاتەکە دروست کردووە.

سەرەڕای ئەم ئاڵنگاریانەی کە دیاردەی کۆچ ڕووبەڕووی کۆمەڵگەرایی کردووەتەوە، لە هەمان کاتدا ئەرکی پاراستنی مافی کۆچبەران و گەشەسەندنی دراماتیکی دیاردەی کۆچی بەکۆمەڵ ئاڵنگاری واقیعی بۆ دیدگای کۆزمۆپۆلیتانیزم دروست کردووە لەم سەردەمەدا. لەگەڵ ئەوەی هۆکاری ئاوارەبوونی خەڵک بەهۆی جەنگ و هەژاری و نایەکسانی کۆمەڵایەتیەوەیە، ئەمرۆ نوخبەی ئابووری و سیاسی لە جیهاندا خۆی دەشارێتەوە لە پابەندبوون بە مامەڵەکردن و هاوکاریکردنی کۆچبەران بەشێوەیەکی یەکسان، ئەمەش پرەنسیپی فرە کۆلتوری (Multi-Culturalism) کە لەلایەن کۆزمۆپۆلیتانەکانەوە پەرەی پێدەدرێت پوچەڵ دەکاتەوە (Meraz, 2018). بەم جۆرەش گەشەی دیاردەی کۆچی نایاسایی و ئەرکی لە ئەستۆگرتنیان واقیعێکی دروستکردووە کە دەوڵەتان دوور بکەونەوە لە خەونی کۆزمۆپۆلیتانەکان بۆ قبوڵکردنی زیاتری کۆچبەران و بەدیهێنانی بنەمای"هاوڵاتیبوونی جیهانی". ئەمەش وایکردووە کە دەوڵەتان بگەڕێنەوە بۆ بنەمای سەروەری دەوڵەت و مافی "هاوڵاتیبوونی نەتەوەیی" و داخستنی سنورەکان بە ڕووی کۆچبەراندا کە پێشنیار و ڕێگەچارەی کۆمەڵگەراکانە (Bouzov, 2015).

کەواتە سەرەڕای کاریگەری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک یاساکانی یەکێتی ئەوروپا و ڕێکخراوی (UNHCR) کە هاوکاری مرۆیی پێشکەش بە پەنابەران دەکەن، دیاردەی کۆچ دەریدەخات کە سیستەمی نێودەوڵەتی هێشتا پشت بە سەروەری دەوڵەتان دەبەستێت و لەسەر بنەماکانی کۆمەڵگەرایی دامەزراوە نەک بنەماکانی جیهانگیریی و کۆزمۆپۆلیتانیزم. توێژینەوەکان دەریدەخەن کە پرسی کۆچبەران تەنها لەژێر کاریگەری یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتیەکاندا نیە، بەڵکو چەندین فاکتەری دیکەی وەک سیستەمی حکومڕانی وڵاتان، دیدگای پارتە سیاسیەکان، ڕای گشتی، ناوەندەکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوە ناحکومیەکان هەموو کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر دیاردەی کۆچ و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ کۆچبەران (Haukvik, 2015). زۆرێک لە دەوڵەتان ئێستا لەنێوان دوو بەرداشدا ماونەتەوە؛ ئایا بەرژەوەندی هاوڵاتیان و ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان لەبەرچاو بگرن یاخود خزمەتی کۆچبەران بکەن و پابەند بن بە یاسا نێودەوڵەتیەکان، کە بێگومان زۆرێک لە وڵاتان یەکەمیان هەڵبژاردووە.

لەم چوارچێوەیەشدا، زۆرێک لە وڵاتانی ئەوروپا بەتایبەت ئەڵمانیا و بەریتانیا و وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا، چیتر ئامادە نین چوونی پەنابەر بۆ وڵاتەکانیان قبوڵ بکەن و مافی مانەوە و هاوڵاتیبوونیان پێ ببەخشن، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا دژی خواستی جیهانگەراکانە. تەنانەت یەکێک لە فاکتەرەکانی جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا کە بە (Brexit) ناسراوە بریتی بوو لەو یاسا و کۆت و بەندانەی یەکێتییەکە سەبارەت بە وەرگرتنی پەنابەران و دابینکردنی هاوکاری مرۆیی و مافی مانەوە و نیشتەجێبوون بە سەر وڵاتانی ئەندامدا دەیسەپاند

(Neidhardt, 2022). لە هەمان کاتدا چەندین گرووپی توندئاژۆی ڕاستڕەو و ڕەگەزپەرست لە ئەورووپا سەریانهەڵداوە کە دژ بە هاتنی شەپۆلی پەنابەران چونکە وەک مەترسیەک دەیانبینن بۆ سەر ئاسایشی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتوری وڵاتەکانیان، کە ئەمەش دەچێتە خانەی بەرژەوەندی کۆمەڵگەراکانەوە.

دواجار دیاردەی کۆچی بەکۆمەڵ یەکێکی دیکەیە لەو ئاڵنگاریانەی جیهانگیری ڕووبەڕووی دیدگای کۆمەڵگەرایی کردۆتەوە کە بووەتە هۆی لاوازبوونی سەروەری دەوڵەت، سەرهەڵدانی کێشەی ئاسایش و سەقامگیری، کاڵبوونەوەی بەها و کلتوری کۆمەڵایەتی گەلان لە جیهاندا. هەرچەندە لە سەرەتادا سەرهەڵدانی دیاردەی کۆچ بووە جێگەی دڵخۆشی کۆزمۆپۆلیتانەکان، بەڵام لەگەڵ گەشەسەندی زیاتری دیاردەکە و ئەو لێکەوتە نەرێنیانەی لەسەر وڵاتانی خانەخوێ بەجێیهێشت، بووە هۆکاری ئەوەی خەونی "هاوڵاتیبوونی جیهانی" کە ئایدیالی کۆزمۆپۆلیتانەکان بوو لەبارچێت و جارێکیتر دەوڵەتان پێداچوونەوە بە یاساکانیان بکەن بۆ وەرگرتنی پەنابەر و بەخشینی مافی هاولاتیبوون پێیان. لەم سۆنگەیەوە، زۆرێک لە وڵاتانی خانەخوێ بەرەو ئەوە هەنگاو دەنێن کە پێشنیاری کۆمەڵگەراکان بەرجەستە بکەن ئەویش لەڕێی پارێزگاریکردن لە سەروەری وڵاتەکانیان و پێشەنگیدان بە بەرژەوەندی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتوری هاولاتیەکانیان و داخستنی سنورەکان بەڕووی کۆچبەراندا.

## دەرئەنجام

بەگوێرەی ئەو ئاڵنگاریانەی جیهانگیری کە لە سەرەوە خستمانە ڕوو، گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی تیۆری کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزم لەژێر کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی دیاردەی جیهانگیریدان، ئەمەش بووەتە پاڵپشت و گەشەپێدەرێک بۆ دیدگای کۆزمۆپۆلیتانیزم، لەکاتێکدا چەندین ئاڵنگاری ڕاستەقینەی بۆ دیدگای کۆمەڵگەرایی دروستکردووە، کە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا تیشکمان خستە سەر چوار ئاڵنگاری بنەڕەتییان. ئەمە ئاڵنگاریانەی جیهانگیری وایکردووە دابەشبوون و ناکۆکی و لێکترازانی زیاتر لەنێوان هەردوو تیۆرەکەدا دروست ببێت، بەجۆرێک نێوەندگیری و دۆزینەوەی زەمینەی هاوبەش لە نێوانیاندا ئەستەم بووە، کە ئەمەش پێچەوانەی دەرئەنجامی توێژینەوەکانی پێشترە کە بە گەشبینیەوە دەیانڕوانیە لێکنزیکبوونەوە و ئاوێتەکردنی هەردوو تیۆرەکە لە کایەی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا.

یەکەم ئاڵنگاری جیهانگیری بۆ دیدگای کۆمەڵگەرایی بریتی بوو لە کەمکردنەوەی سەروەری دەوڵەت لە بەرامبەر فراوانبوونی بازاڕی ئازاد و پشت بەیەکبەستنی ئابووری و بەجیهانیبوون کە ئەمەش هەمان ئامانجی کۆزمۆپۆلیتانیزمە و دژی خواستی کۆمەڵگەراییە. بەڵام بەهۆی ئەوەی وڵاتان ڕووبەڕووی چەندین کێشە و ئاڵنگاری نوێ بوونەوە و جێگرەوەیەکی نێودەوڵەتی نەبوو بۆ گرتنەئەستۆی ئەرکەکانی دەوڵەت، وڵاتان گەڕانەوە بۆ بیرۆکەی بەهێزکردنەوەی سەروەری دەوڵەتەکانیان. ئاڵنگاری دووەمی جیهانگیری بریتی بوو لە واڵاکردنی سنورەکان بەڕووی کاڵا و مرۆڤ و بەها و ئایدیاکاندا کە خواستێکی کۆزمۆپۆلیتانەکانە، کە ئەمەش مەترسی لەسەر کۆمەڵگاکان و ئاسایش و ناسنامە و بەها و کلتوریان دروست کردووە، ئەمەش وایکرد وڵاتان لەبری واڵاکردن سنورەکانیان دابخەن یاخود بە چەندین مەرج و یاسا توندتری بکەن.

سێیەم ئاڵنگاری جیهانگیریش بریتییە لە کاڵبوونەوەی بەهاکانی کۆمەڵگا و مەترسی لەناوچوونی وکلتور و زمان و ناسنامەیان و زاڵبوونی بەهاکانی ڕۆژئاوا کە ئەمەش ترسی گەورەی کۆمەڵگەراکانە لە جیهانگیری بەدیهێنانی خەونی کۆزمۆپۆلیتانەکانە بۆ بەدەستهێنانەی "ناسنامەی جیهانی" کە هەموو مرۆڤەکان خاوەن ماف و ئازادی یەکسان. چوارەم ئاڵنگاریش بریتییە لە گەشەسەندنی دیاردەی کۆچی بەکۆمەڵ و پرسی مافی هاوڵاتیبوون کە هەرچەندە سەرەتا وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر کۆمەڵگەرایی و دەرفەتێک بۆ کۆزمۆپۆلیتانەکان دەبینرا، بەڵام دواجار وڵاتان بەهۆی لێکەوتە نەرێنیەکانیەوە پاشگەزبوونەوە لە واڵاکردنی سنورەکانیان بە ڕووی کۆچبەراندا و بەخشینی مافی مانەوە و هاوڵاتیبوون بە پەنابەران، ئەمەش یوتۆپیای مافی "هاوڵاتیبوونی جیهانی" لای کۆزمۆپۆلیتانەکان لەباربرد.

## سەرچاوەکان

### کتێب

Adler, E. (2004). *Communitarian International Relations: The Epistemic Foundations of International Relations". Routledge*.

Appadurai, A. (Ed.). (2001). *Globalization*. Duke University Press.

Avineri, S., & De-Shalit, A. (n.d.). *Communitarianism and Individualism*.

Bell, D. (2024). Communitarianism. In E. N. Zalta & U. Nodelman (Eds.), *The Stanford Encyclopedia of Philosophy* (Summer 2024). Metaphysics Research Lab, Stanford University.

Koopmans, R., & Zürn, M. (2001). Cosmopolitanism and Communitarianism-How Globalization is Reshaping Politics in the Twenty-First Century. In *The Struggle over Borders. Cosmopolitanism and Communitarianism* (pp. 1–34). New York, NY: Cambridge University Press.

Moravcsik, A. (1992). *Liberalism and International Relations Theory". No. 92-96*. Cambridge, MA.

Rawls, J. (1999). *A Theory of Justice* (2nd ed.). London, England: Oxford University Press.

Hooft, V. (2014). *Cosmopolitanism: A Philosophy for Global Ethics"*.

یس، ئەلسید (2008).جیهانێتی وجیهانگیر ، وەرگێڕانی ئەحمەد قادر سەعید ، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان.

### ئارتیکڵ

BIANCO, J. L. (2014). Domesticating the Foreign: Globalization's Effects on the Place/s of Languages. The Modern Language Journal, 98(1), 312–325. http://www.jstor.org/stable/43651760

Bonciu, F. (2017). The new characteristics of globalization and their impact on the design of a new international economic order. Global Economic Observer, 5, 08–15. Retrieved from http://www.globeco.ro/wp-content/uploads/vol/split/vol_5_no_1/geo_2017_vol5_no1_art_001.pdf

Bouzov, Vihren Ianakiev. (2015). Globalization and Cosmopolitanism: Some Challenges. Dialogue and Universalism, A Journal of the International Society for Universal Dialogue, Polish Academy of Sciences, Vol. XXV, pp.236-243; N. 2/2015, Available at SSRN: https://ssrn.com/abstract=2899409

N.d. Piie.com. Accessed December 9, 2024. https://www.piie.com/microsites/globalization/what-is-globalization.

Norberg-Hodge, H., & Local Futures. (2010, May 14). Globalisation versus community. Retrieved December 20, 2024, from Local Futures website: https://www.localfutures.org/globalisation-versus-community/

Pesqueux, Yvon. (2013). What is Globalization? The Paradoxes of the Economic and Political Substance of Markets. South Asian Journal of Business and Management Cases. 2. 1-15. 10.1177/2277977913480687.

Pogge, T. W. (1992). Cosmopolitanism and Sovereignty. Ethics, 103(1), 48–75. http://www.jstor.org/stable/2381495

Neidhardt, A.-H. (2022). Post-Brexit EU-UK cooperation on migration and asylum. Retrieved December 23, 2024, from Epc.eu website: https://www.epc.eu/en/projects/Post-Brexit-EU-UK-cooperation-on-migration-and-asylum~481714

Scheuerman, W. (2023). Globalization. In E. N. Zalta & U. Nodelman (Eds.), The Stanford Encyclopedia of Philosophy (Spring 2023). Metaphysics Research Lab, Stanford University.

Shapcott, R. (2001). Beyond the cosmopolitan/communitarian divide. In Justice, Community and Dialogue in International Relations (pp. 30–52). chapter, Cambridge: Cambridge University Press.

Simma, B., & A. L. Paulus. (1998). "The 'International Community': Facing the Challenge of Globalization." European Journal of International Law 9 (2): 266–77. https://doi.org/10.1093/ejil/9.2.266.

Views, I. I., & perceptions (n.d.). II. 2 Globalization: Its nature. Ii. Globalization and its impact. Retrieved December 22, 2024, from Ilo.org website: https://webapps.ilo.org/public/english/wcsdg/docs/rep2.pdf

Wilson, Maureen (2011). 'Globalization', in Lynne M. Healy, and Rosemary J. Link (eds), Handbook of International Social Work: Human Rights, Development, and the Global Profession; online edn, Oxford Academic:https://doi.org/10.1093/acprof:oso/9780195333619.003.0003, accessed 9 Dec. 2024.

Cal Calhoun, C. (2008). Cosmopolitanism and nationalism. Nations and Nationalism, 14, 427–448. doi:10.1111/J.1469-8129.2008.00359.X

Doyle, M. W. (2001). A more perfect union? The liberal peace and the challenge of globalization. In K. Booth, T. Dunne, & M. Cox (Eds.), How Might We Live? Global Ethics in the New Century (pp. 81–94). Cambridge: Cambridge University Press.

Etzioni, A. (2014, September 15). Community. The Encyclopedia of Political Thought, pp. 625–640. doi:10.1002/9781118474396.wbept0185

Etzioni, A. (2006). A neo-communitarian approach to international relations: Rights and the good. Human Rights Review, 7(4), 69–80. doi:10.1007/s12142-006-1003-x

Fu Fukuyama, F. (1989). The End of History? The National Interest, 16, 3–18. http://www.jstor.org/stable/24027184

Globalization. (n.d.). Retrieved December 9, 2024, from Cambridge.org website: https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/globalization

Haukvik, I. (2015). Communitarianism vs Cosmopolitanism? Refugee and asylum policy of the Conservative "blue-blue" government. Retrieved from https://nmbu.brage.unit.no/nmbu-xmlui/handle/11250/293714?show=full

Held, D. (2003). Cosmopolitanism: globalisation tamed? Review of International Studies, 29(4), 465–480. doi:10.1017/S0260210503004650

Jones, R.J.B. (2000). Globalization versus Community: Stakeholding, Communitarianism and the Challenge of Globalization. In: Gills, B.K. (eds) Globalization and the Politics of Resistance. International Political Economy Series. Palgrave Macmillan, London. https://doi.org/10.1057/9780230519176_5

Karacasulu, Nilüfer, and İrem Aşkar Karakir. n.d. "Cosmopolitan-Communitarian Dichotomy: Towards a Third Way?" Org.Tr. Accessed November 4, 2024. https://dergipark.org.tr/tr/download/article-file/234793.

Kleingeld, P., & Brown, E. (2019). Cosmopolitanism. In E. N. Zalta (Ed.), The Stanford Encyclopedia of Philosophy (Winter 2019). Metaphysics Research Lab, Stanford University.

Meraz, A. R. A. (2018). Complex Citizenship and Globalization. In C. Roldán, D. Brauer, & J. Rohbeck (Eds.), Philosophy of Globalization (1st ed., pp. 17–32). De Gruyter. http://www.jstor.org/stable/j.ctvbkk12k.5

Mitsilegas, V. (2012). Immigration Control in an Era of Globalization: Deflecting Foreigners, Weakening Citizens, and Strengthening the State. Indiana Journal of Global Legal Studies, 19(1), 3–60. https://doi.org/10.2979/indjglolegstu.19.1.3